سـارا پالـين

# ژنێکی دەرچوو لە نەریتەکان

ژیانی هاووڵاتییەکی ئەمەریکاییە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

سارا پالین

# ژنێکی دەرچوو لە نەریتەکان

ژیانی هاووڵاتییەکی ئەمەریکاییە

وەرگێڕانی

شێرزاد هەینی

ناوی کتێب: سارا پالین.. ژنێکی دەرچوو لە نەریتەکان
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی و سازکردنی: محەمەد ئەمین
وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێرزاد هەینی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٥١
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل – بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٧ی
ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# پێڕست


پێشـەکی ........ 9

**بەشی یەکەم**: کێ و چۆن و بۆ و... سارا بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ........ 13
دوو بژارەکـــە ........ 16
نماکردنێکی سروشـتی ........ 17
ئەسڵی ملـملانێیـەکە ........ 19
بابەتە هاوبەشـەکانمان ........ 20
ئۆبامـا هیـچ ئەزمـوونی نییـە ........ 22

**بەشی دووەم**: بواریان نەدام ستـایشـی رۆڵی جـۆرج بۆش بکەم ........ 25
پەیامـێکی روون ........ 28
شـەڕی تەبشـیـری ........ 29
پاڵەوانێکی نەتەوەیی ........ 31
راپۆرتە سلبییـەکان ........ 32
سـارا ئـازاد بکەن! ........ 34
ژنێکی فـرە پیشـە ........ 36


**بەشی سێیەم**: هـاککردنی ئیمـێلەکانم ........ 7
هـاککـردن ........ 40
پاڵەپەستۆ و پاڵدانەکە ئەستوورتر دەبوو ........ 42
ئەمەریکا لە پلەی یەکـەمدا ........ 44
چاکسازی ناوازەکان بەسـەلاوات دەبێت ........ 46

**بەشی چوارەم**: کاتی کوریک ١٢ جار و بەچەندین شێوە پرسیاری... ........ 49
کـات بەفـیـرۆدان ........ 51
وەڵامە عموومییەکان ........ 53
ناکۆکییـەکان ........ 54

ئـوبـايـدن ........ 56
پشتیوانیی ئیسرائیل ........ 58

**بەشی پێنجەم**: من تۆقەم لەگەڵ ئۆلیڤرستۆنی هەڤاڵی هۆگۆ شافیز نەکرد ........ 61
پرۆژەیەکی ئیشتراکی ........ 64
سـریالییـەت ........ 65
سەگەکانی هەڵمەتەکە ........ 68
دەرچوون لە دەقـەکـە ........ 69
عەقلیـەتێکی بەزیو ........ 70
مـاراسـۆن ........ 72

**بەشی شـەشـەم**: دوو وتارم بۆ دەرچوون و دەرنەچوونم ئامادە کردبوو ........ 75
پەرجوو "موعجیزە" ........ 77
دانپێدانان بە بەزینەکە ........ 80
شەوە فێنکەکە ........ 81
راپۆرتە سلبییـەکان ........ 83




بەرگی کتێبەکە بەزمانی ئینگلیزی

# پێشەکی

من لە ئۆمابا لە سیاسەت و لە حوکم بەئەزموونتر بووم

کە سارا پالین زۆر بەخێرایی ئەو کتێبەی دەرکرد، جۆرەها لێکدانەوەیان بۆ کردبوو. Going Rogue: An American Life ئەو کتێبە بەناوی «ژنێکی دەرچوو لە نەریتەکان .. ژیانی هاوولاتییەکی ئەمەریکاییە». کە رای گشتی ئەمەریکای وروژاند و تووڕەیی لە ناو ریزەکانی حزبی کۆماریش دروست کرد، بۆیە هەست دەکرێت پاش ئەو کتێبە ئەو حزبە دەستەگەریشی بکەوێتە ناو.

ماسیو کونتنیتی نووسەر لە رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە نمایشی کتێبەکدا نووسیویەتی:

ئەگەر تۆ لەو کەسانەی سارا پالینت خۆش ویستبێت، ئەوە ئەو کتێبەشت خۆش دەوێت، ئەگەرنا بەو کتێبە هەرگیز خۆشت ناوێت! زۆر لە سیاسەتمدارەکان کتێبی وا دەنووسن، کەسیش بەشوورەیی نازانێت، دیارە کەوا نانسی بیلۆسی و هاری رید و بیل فیرست و جۆن ئەشکروفت و مایک هاکابی و جۆن بایدن و هنری واکسمان و زۆری تریش کتێبیان بڵاو کردووەتەوە و ماوەیەک و کتێبەکە بزربووە و نووسەرە سیاسییەکان گەڕاونەتەوە سەر کارە تایبەتییەکانی خۆیانەوە، بەڵام سەبارەت بەسارا پالین مەسەلەکە جیاوازە.

هەندێ وا دەزانن ئەو کتێبە بۆ ئەوە نووسراوە کەوا سارا پالین ئیعتبارەکان بۆ خۆی بگێڕێتەوە، چونکە دەزگاکانی راگەیاندن بە ژنێکی سادە و بێ ئەزموون لە سیاسەت ناویان برد، هەڵمەتەکانی دژ بەو ژنە توند بووە تا

گەیشتووەتە گاڵتەکردن و سووکایەتی پێکردن، بەتایبەتی کە ئەکتەرێکی کۆمیدی کەندی بەناوی سەرۆکی فەرەنسی نیکۆلا سارکۆزییەوە تەلەفۆنی بۆ دەکات، ئەوەش لەلایەن جۆن ماکین لە هەڵمەتەکەیدا بەرووداوێکی ترسناکی ناوبردبوو، کە زۆری نەمابوو قۆناخەکانی هەڵمەتەکە هەموو هەڵوەشێنێتەوە. هەندێکیش دەڵێن ئەو ژنە ئەو کتێبەی نووسیوە تا تۆڵە لە جۆن ماکین بکاتەوە، ئەوەی لە رۆژانەی هەڵمەتەکە زۆر سووکایەتی پێ دەکرد، تا رادەیەک باسی ئەو جلوبەرگەی دەکرد کە رۆژانە سارا لەبەری دەکرد، یان قسەی لەسەر بوونی هەڵەی رێنووسی لە وتارەکانیدا کردبوو، بۆیەش لە رووبەڕووبوونەکاندا خۆی بەپارێز دەگرت، هەندێ لە هاووڵاتییانی ویلایەتی ئالاسکا بە ژنێکی لووتبەرزیش ناویان بردبوو، ئەوەش وای کرد وەک سارا چۆن دەناسرا وا نەمێنێتەوە، بۆیەش لە کۆتاییدا بواری پێ نادەن وتاری دۆڕانی هەڵبژاردنەکە پێشکێش بکات. بەرپرسانی حزبی کۆماری بەدەرچوونی ئەو کتێبە نارەزاییان هەبووە، زۆریش تووڕە دەبن، ئەوان وتوویانە کەوا کتێبەکەی سارا پالین هەموو لە خەیاڵەوە سەرچاوەی گرتووە و بنەمای راستی تێدا نییە.

هەندێ لە کەسانی ئاگاداریش وا دەزانن دەرچوونی ئەو کتێبەش پێشەکی ئەوەیە کەوا نووسەرەکەی مەبەستییەتی لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی ئەمەریکایی رکابەرایەتی سەرۆکی ئێستا باراما لە ساڵی ٢٠١٢ بکات، بەڵام هەندێکیش ئەو بۆچوونە بەدوور دەزانن و گومانیان لەو رایەدا هەیە، چونکە پالین لەو کتێبەدا گوللە بەدەزگاکەی حزبەکەشیان وەدەنێت، دیارە بڕیارەکەش لە دانانی کاندیدی سەرۆکایەتی حزب لەلای ئەوانەوە دەبێت، کە لە ساڵی ٢٠١٠ هەڵبژاردنەکە ئەنجام دەدرێت.

سارا ئەو دەستە راوێژکارەی چواردەورەیان گرتبوو، ئەو بەدەستی شاراوە ناویان دەبات، کە کەسی لەوان ناس نەدەکرد. «ئەو سەرکردایەتییە کێ بوون و لە کێندەرێ بوون...؟» کە پالینیان بێزار و هەراسان کردبوو، بۆیەش لەوان یاخی دەبێت، بۆیە ناوی لە کتێبەکەشی بووە دەرچوون لە نەریتەکان. هەندێکیش وا دەزانن دەرچوونی ئەو کتێبە تەنیا وەسیلەیەکە بۆ پارە

پەیداکـردن و ناسـینی کـەسـایەتیـیـەکـەی خـۆی و مـانـەوەی لەبەر تیـشکی رووناکییەکـان، پاش ئەوەی لە هـەڵمـەتەکانی هـەڵبـژاردندا شکستی خـواردبوو، کە وتبووی من لەو دەمانەدا کەسێکی "دیلکراو بووم".

قسـە زۆر کـراوە، بەڵام دەرئەنجـام کـتـێبـەکە دەرچووە و دەزگـای پـەخشی هـاربر کـولینـز کـە پێـشـەکی پـارەی مـافی لەچاپکردنی پێنج ملیـۆن دۆلاری وەرگرتووە، لەو کتـێبـەدا هـەمـوو وردەکارییەکـانی ژیانی وەزیفـە فـەرمـیـیـەکـانی باس کـردووە تا دەگـاتـە سـەرۆکـایەتی شـارەوانی شـاری "وسـیلـە" و دەگـاتە پۆستی حاکمی ویلایەتی ئالاسکا، لەو دەمانەش ئەو لە رووناکییەکانی میدیای ئەمەریکایی و جیهانیش دوور بووە، تا ئەو دەمـانەی سیناتۆری حزبی کۆماری جۆن ماکین لە مانگی ئۆگستی ساڵی ٢٠٠٨ رادەگەیەنێت کەوا سارا پالین لەو هـەڵبژاردنەدا دەبێتە جێگری ئەو لە سـەرۆکایەتی کۆماردا.

## بەشی یەکەم

# کێ و چۆن و بۆ و... سارا بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەمەریکایی کاندید کرا!

من لە دەروازەی ئەنجوومەنی شارەوانی شاری وسیلە چوومەتە ناو سیاسەت، ئەودەمانە ناوی سەرۆک شارەوانییەکەشم رەوان بۆ دەگوترا، لەسەر ئاستی نیشتمانی و نەتەوەییدا کار و چالاکییە سیاسییەکانم پەرە پێ دا، هاوکات دەستم لە خوێندنی زانکۆش هەڵنەگرت، کە خوێندنم تەواو کرد و شووم کرد و خەریکی پەروەردەکردنی منالأن بووم. ئەودەمانە "جۆن شتاین" سەرۆکی شارەوانییەکەمان بوو. بەهاوکاری کورە شارییەکەم "نیک کارنی"ی سەرۆکی ژووری بازرگانی و چالاکوانی ناوچەکەمان من گەیشتمە ناو کاروانی راژەی گشتی، ژنەکەشی بەڕێوەبەری کتێبخانە لۆکالییەکەمان بوو، ئەو ژن و مێردە لە یاریزانە باش و ناودارەکانی گۆلف بوون، لە ناو شارەکەدا بەردەوام جلی یاری گۆلفیان لەبەردابوو، خەڵکەکە هەر بەو پۆشاکە ئەوانیان دەبینی.

لە ساڵی ١٩٩٢ نیک منی دەستنیشان کردبوو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکە کە بریتی بوو لە شەش ئەندام هاوکاری بکەم، ئەو منی بەدەستەیەک ناساند کە بەدوای کاندیدی گەنجی پێشکەوتووخوازدا دەگەڕان، ئەوەش لەلایەن رۆژنامە لۆکالییەکانەوە پشتیوانییان دەکرا، منیش پشتیوانی خۆم بەوان راگەیاند. لەو هەڵبژاردنەدا نیک بۆ ئەنجوومەنەکە و شتاین بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنەکە کاندید کران. بۆ دۆزینەوەی گەنجانی دڵسۆز و کارکەر لەو شارە ئاسان نەبوو، ئەو توێژە حەزیان نەدەکرد بێنە ناو زەڵکاوی سیاسەتی لۆکالییەوە. من هەستم کردبوو شارەکەمان گەورە بووبوو، سنوورەکەی پەلی هاویشتبووە دەڤەرە دوورەکان، بەرپرسەکانیش بۆیان نەدەکرا خزمەتگوزارییە پێویستەکان دەستەبەر بکەن، هەستم زۆر بەو لارییە لەو لایەنەوە دەکرد، بۆیە بۆ ئەوەی خۆم بۆ ئەنجوومەنەکە کاندید بکەم و بگەمە پۆستێک بتوانم کارێک بۆ شارەکەم بکەم لەگەڵ "تود"ی هاوسەرم قسەم کرد، بۆچوونەکانی خۆم بۆ روون کردەوە و پێم وت، من ئارەزوومە بچمە ناو گۆڕەپانی سیاسەت و ململانێی هەڵبژاردنەکان، ئەویش بۆچوونەکەی منی لا باش بوو، بەئارەزووەوە سەرپشکی کردم لەو مەسەلەیەدا.

له یەکەم هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆم بۆ ئەو ئەنجوومەنە داواکار بووم باجی موڵکدار کەم بکرێتەوە و سنووردارکردنی خانووە حکوومییەکانیش هەموار بکرێت، لەو رۆژانەدا بەردەوام هەردوو منداڵەکەم "ترک" و "بریستۆل"م لە ناو شەقامە بە بەفرەکان لەگەڵ خۆمدا دەمگێڕان، بەو حاڵەتە ماڵ بەماڵ بۆ پشتیوانیکردن و دەنگ کۆکردنەوە دەسووڕامەوە.

## دوو بژارەکە

ئەو دەمانەی کە من باس لە شاری وسیلە دەکەم دەزگای پۆلیسی تێدا نەبوو، دەبوایە کۆشش بکەین پۆلیس بێتە ئەو شارەش، بۆ هێنانی پۆلیسیش دوو بژارمان لە بەردەمدا بوو، دەبوایە باج لەسەر داهات و لەسەر فرۆشتنەکان زۆرتر بکەین، دیارە من لەگەڵ هەردوو بژارەکەدا نەبووم، بەڵام ئەگەر سەرپشک کرابوومایە ئەوە بژاری دووەمم لا باشتر بوو، بۆیەش لە هەڵمەتەکەمدا جەختم لەسەر زیادکردنی باج لەسەر فرۆشتنەکان دەکردەوە، بەڵام بەمەرجێک بەرێژەی ٢٪ بێت، هاوکاتیش باجی داهاتیش سنووورداتر بکرێت، لە کۆتاییدا بڕیار درا بژارەکەی دووەم جێبەجێ بکرێت، پاش ئەنجامدانی پرۆسەکە من و نیک بەئەندامیەتی ئەنجوومەنەکە دەرچووین.

پاش ئەوەی من بەئەندام لەو ئەنجوومەنە هەڵبژێردرام سەردانی سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانیم کرد، لەوێ لەسەر ئەوە رێککەوتین بەیەکەوە و هاوشان کار بکەین، بەڵام پاشان لەبەر چەندین هۆکار و لەسەر چەندین ئاستدا ئەوەیان جێبەجێ نەکرا و زۆریش لە یەکتری دوور دەکەوتینەوە. سێ ساڵ من وەک ئەندام لەو ئەنجوومەنە مامەوە، لە هەڵبژاردنی داهاتووش دووبارە هەڵبژێردرامەوە، لەگەڵ سەرۆک شارەوانییەکە شتاین لەسەر داهاتووی شارەکە و قەبارەی ئەنجوومەنەکە و کارەکانی کەرتی تایبەت و باجی داهات و کارنامە و گەشەی حکوومەت و ئەوانە و هۆکاری تری زۆرەوە ناکۆکیمان کەوتە نێوان و نەدەگەیشتینە یەک.

لە بەیانی رۆژی یازدەی سیپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١دا ماوەیەکی کورت بوو

من بووبوومە سەرۆکی شارەوانییەکە، ئەودەمانە ئیدارەی پۆلیس پێوەندیی پێوە کردم تا گوێ لە هەواڵەکان راگرم، لە ناو دیمەنەکانی هەواڵەکان کارە تیرۆریستییەکەی سەر مەڵبەندی بازرگانی دەولی و بنتاگۆنمان راستەوخۆ بینی.

سەرەتا کاری راژە گشتییەکەم لە شارەوانی وسیلەوە دەستی پێ کردووە و تا ئەوەی چەندین پۆستی ترم وەرگرتووە، لەوانە پۆستی حاکمی ویلایەتی ئالاسکا. تا ئێوارەی رۆژێکی مانگی ئۆگستی ساڵی ٢٠٠٨ من ئارەزووم نەبوو دەسەلآت و کارەکانم لە سنووری ویلایەتەکە دەرباز بێت تا ئەودەمانەی جۆن ماکین پێوەندیی پێوە کردم.

## نماکردنێکی سروشتی

لە شەوێکی تاریکی ئێوارەی رۆژی بیست و حەوتی مانگی ئۆگستی ساڵی ٢٠٠٩ فڕۆکەکە منی لە ویلایەتی ئیزونا دانا، ئەو شوێنەی کە زێدی سیناتۆر جۆن ماکینە، من و یاریدەر و هاوڕێیەکەم "کریس بیری" بەهاوکاری یەکێک لە ئەندامانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی جۆن ماکین کە ناوی "دیڤیس وایت" بوو، لە ناو فڕۆکە تایبەتییەکە گەیشتینە ناو ڤانێکی شووشەیی پەنجەرە داپۆشراو. بەرەو ماڵە تایبەتییەکەی "یوب دیلگادۆ"ی هاوڕێی جۆن ماکین و سەرۆکی تەنفیزی کۆمپانیای هنسلی کە تایبەتە بەدابەشکردنی بیرەی کۆمپانیاکەی جۆن ماکین و هاوسەرەکەی بەڕێ کەوتین. لەودەمانەش قسەی وا هەبوو کەوا جۆن ماکین دەیەوێ منیش لەگەڵ ئەو کەسانە دابنێت بۆ جێگری خۆی لەو هەڵبژاردنەدا، منیش لەو کاتانە بەکاروبارەکانی خۆم لە ویلایەتی ئالاسکا سەرقاڵ بووم و بەهیچ جۆرێک بیرم لەو مەسەلەیە هەر نەدەکردەوە.

من لە مانگی ینایری ساڵی ٢٠٠٨دا لە کاتی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی حاکمەکانی ویلایەتەکان لە واشنتۆن لەگەڵ ماکین دیمانەمان بووبوو، لەگەڵ تیدی هاوسەریشم بەیەکەوە قسەمان کرد، لەو دیمانەیەدا ماکین سیندی

هاوسەریشی لەگەڵدا بوو، بۆیەش قسەمان لەسەر کاروباری ماڵ و خێزانیش کرد، منیش بەتەوازوعیی هاوسەرەکەی ماکین زۆر سەرسام بووم. لەوێ ماکین سووربوو کە من تەنیا بەناوی جۆن بانگی بکەم و بەس، منیش ماوەیەکی دیار لەبەر هەڵوێستە سەربەخۆییەکان و سووربوونی لەسەر مەسەلەی ئاسایشی وڵات بەو پیاوە سەرسام بووم و رێزی زۆرم بۆ ئەو هەبوو، من و هاوسەرەکەم کەسایەتییەکی خاوێنی بێ گەرد و شایستە ئەومان بە شکۆوە دەبینی، دیارە ئەو تا ئیمرۆش بڵێسەیەکی گەشاوەیە و هەموو تەنگژە و کارکردنی دەیان ساڵەی لە سیاسەت لە واشنتۆن و گیرانە پێنج ساڵییەکەی لە گرتووخانەکانی ڤێتنام ماندووی نەکردووە، هەستم دەکرد ئەو تەژییە لە ئیلهام و روحی ناوەوەی تەژییە لە شادی، من ئەوەم لە رۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا دەبینی. کە ئەودەمانەی من بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کاندید کرابووم، زۆرم پێ ئاسایی بوو کە پێوەندیی پێوە دەکردم، چونکە کە من لە ئالاسکا بووم دەبووایە ئەو پێوەندییەمان هەبێت تا دەگەمە مەڵبەند و شانۆی بڕیارە سیاسییەکە لە واشنتۆنی پایتەختدا.

کە ماکین تەلەفۆنەکەی بۆ من کرد و ئاگەداری کردمەوە کەوا من دەستنیشان کراوم بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، من و هاوسەرەکەم تود و یاریدەرەکەم کاری ئەوەمان دەکرد کەم لە ماڵەوە و لە دەرەوەوە بکەومە بەر تیشکی میدیاکان، چونکە هەموو جارێ پێنج رۆژ پێش کۆنفراسی نەتەوەییی حزبی کۆماری بۆ کاندیدکردنی پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی، رۆژنامەنووسان کاندیدەکان لە ماڵ و نووسینگەکانیان بەسەرکردووەتەوە، تا ڕادەیەک گوێیان لە تەلەفۆنی دایکی جۆن بایدن ئەوەی سەرۆک ئۆماما بۆ جێگری سەرۆک دای نابوو راگرتبوو. بەڵام لەودەمانە ناوی من لە حیساباتەکانی میدیاوە دوور بووە.

بەڵام لەو حاڵەتەدا ناکرێ خۆم و چالاکییەکانم لە چاوی میدیا دوور بگرم، بەتایبەتی رۆژنامەنووسە لۆکالییەکان، یان نەدەکرا مەسەلەکە بۆ تاقمی فەرمانبەرانی پارێزگاش ئەوە بەنهێنی و بێ زانیاری رابگرم، چونکە من

بەردەوام دەوامم کـــردووە و ناکـــرێ دوا بکەوم، هـەرگـــیـــز رووی نەدابـوو من رۆژێکیـان نـەچمــە ســەر کــار، هـەمــوو لایـەک دەزانن لە کــاتی لەدایکبــوونی کورەکەشم هاورێیەکانم دۆسیە تایبەتییەکانی کاروبارەکانیان بۆ دەهێنامە نەخـۆشـخــانە تا چاویان لێ بکەم، بۆیە نـەچوونم بۆ دەوام دەبووایە بیـانووی مەعقولم هەبووایە. پاش ئەوەی لەگەڵ دەستە و تیمەکەی ماکین قسەمان کرد، بڕیار وەرگیرا کە من لە ماڵەوە دەرچووم، تودی هاوسەرم مۆبایلی هەر سێ منداڵەکانم لەلای خۆی دابنێت.

***

کە من گەیشتمە ئیزونا لەوێ منیان بردە ناو ماڵێکی جوان، لەوێ لەگەڵ شـیف شـمـیـدس یەکـتـرمـان ناسی، ئەو وەک یاریدەدەرێک لە هەڵمـــەتی هەڵبژاردنەکانی "ئەرنولد شوارزنیگر" و "جۆرج دبلیو بۆش" لە هەڵمەتی جاری دووەمی ئەودا کـاری کـردووە. ئەو توانیـبـووی هـەڵمـەتـەکەی هەڵـبژاردنەکـەی جۆرج بۆش لە ساڵی ٢٠٠٤ لە شکستەکە دەرباز بکات، پاش ئەوەی لە دیمانە رووبەڕووبوونەوەکەدا بەرامبەر نەیارەکەی جۆن کیری دیموکراسی بەزیبوو. لە تەنیشت شمیدس هاوڕێ و نووسەری رۆژانەی سیناتۆر ماکین، "مارک سالتر" دانیـــشـــتـــبـــووم، لەوێ هەســـتم کـرد ئەو زۆر بەوردی بـایەخـی بەهـەمـــوو وردەکـارییـەکـان دەدا، ئەوەشـمـان دەزانی کـەوا ئەو دەتوانێت بـۆچوونەکـانی ماکین بگۆڕێت و کاری لێ بکات.

## ئەسڵی ململانێیەکە

لە ژووری کـۆبوونەوەی خـێـزان دانیـشـتـین، باسی هەڵوێـستی خـۆم لەسـەر شـەڕەکەی عێراق کرد، بۆچوونەکانی منیان لەسـەر کاروباری وزە و ئابووری ئالاسکا تۆمار دەکرد، باس لە پێکهاتەی حکوومەتەکەمان لە ویلایەتەکەمان کرا، کە ئەندامەکانی لە کۆمارییەکان و سەربەخۆکان و دیموکراسییەکان پێک هاتبوو. لەو دانیشتنەدا بەئامادەبووان سەرسام بووم و دانیشتنەکەم بەدڵ بوو، ئەوان دەیانزانی بریستۆلی کیژم سکی هەیە، شمیدس وتی دەبێ هەموو

مەسەلە تایبەتییەکانی خۆت ئاشکرا بکەیت، ناکرێ هیچ لایەنی شاراوەت هەبێت، بۆیە منیش وتم:

زۆر باشە من هیچ مەسەلەی شاراوەم نییە، هەموو مەسەلەکانم روون کردووەتەوە. شمیدس لە منی پرسی تۆ دەزانی ململانێیەکانی عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چۆنە، دەزانی سەرچاوەی ناکۆکییە خوێناوییەکانی نێوان مەزهەبی شیعە و سونە لە چ سەری هەڵداوە.

منیش وەک زۆربەی ئەمەریکاییەکان مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستم دەزانی، من بۆچوونەکانم لەسەر داهاتوو باس کرد و بۆم روون کردنەوە، لەوێ هەستم کرد شمیدس زۆرتر بایەخ بەناکۆکییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەدات، ئەو لەو مەسەلەیە زۆر شارەزاو ئاگەداربوو، من گەیشتمە ئەو قەناعەتە کەوا تیمەکەی ماکین بڕوای وابوو کەوا شەڕەکەی عێراق وەک چەقێک لە شانۆی رووداوەکان تا ماوەیەک دەمێنێتەوە. لەو دانیشتنەدا باسی منداڵ لەبەرچوونمان کرد، لەوێ من وتم من دژی ئەوەم ژنان کۆرپەکانیان لەبار ببەن، سەبارەت بەمارەبڕینی هاوڕەگەزەکان من وتم وا باشە زۆر لەسەر مەسەلە تایبەتییەکان قسە و بڕیارمان نەبێت، لێگەڕێن با خەڵکەکە خۆیان ئازاد بن، پێویست ناکات هەڵوێستی دژمان لەسەر ویستی خەڵک و ئارەزووەکانیان هەبێت.

### بابەتە هاوبەشەکانمان

تیمەکەی ماکین "ئارسەر کالفاماوس"ی کۆنە بەرپرس لە کۆشکی سپی لە سەردەمی رۆنالد ریگن سەرۆکی تیمی دەستنیشانکردنی جێگری سەرۆک بوو، تیمەکە سەدان پرسیاریان ئاراستەی من دەکرد، هەستم دەکرد لە ناو وەڵامەکاندا ئەگەر رۆژێک یەک هەڵەم لە ژیاندا کردبێت ئەوا ئەو تیمە بەو پرسیارە دوور و درێژ و زۆرانە هەر دەیدۆزنەوە، ئەگەر لە ساڵەکانی زووی تەمەنیشم خەوشێکم کردبێت، بێجگە لەوانە ئەو تیمە دەیتوانی بە شاهید و بە وێنە و پەنجەمۆریش هەڵەکان دەستنیشان بکەن. ئاخاوتن و قسەکردنەکانم

لەگەڵ شمیدس و سالتر گەیشتە بیردۆزی سەرەتای بوونیش، دیارە کەوا من بڕوام بەبیردۆزەکەی داروین هەیە، کە وتوویەتی بابەگەورە و ڕەچەڵەکی مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر مەیموون، بڕواشم بەوە هەیە کەوا ئادەمیزاد لەلایەن خوای کردگارەوە دروست کراوە، ئەو دەتوانێ هەموو شتێک دروست بکات، پاشان ئەو شتانە گەشەدار بکات و بۆ سیما و رووکاری تری هەمەجۆر بیانگۆڕێت، ئەو بوونەوەرانە لەسەر گۆڕان و گەشونماکانیش خۆی بگونجێنێ. دەمویست بەتیمەکەی ماکین بسەلمێنم کەوا ئەوان ناتوانن ناچارم بکەن وشەیەک بکەنە ناو دەمم.

بۆ بەیانی منیان بردە باخچەکەی ماکین لە "سیدونا"، ئەو رۆژە کەشوهەواکە زۆر جوان بوو، پێم خۆش بوو پیاسەیەک بکەم و کەمێ بەپێیان بڕۆم نەک سواری ئوتومۆبێل بم، ئێمە گەیشتینە ماڵەکەی سیناتۆر ماکین لە ناو دارستانێکی چڕ بەداری جوان، کە تێدا ئاوە سوورەکە کە لە بەردەکانی ناو جۆبارەکە رەنگە سوورەکەی پێ دابوو بەلەنجە دەڕۆیشت، ئەو لەو کەشەدا خۆی لە پێشوازیماندا بوو. ماکین پرسیاری ئەوەی لێ کردم چ دەڵێت ئەگەر تۆ بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کاندید بکەین...؟

منیش لە وەڵامدا وتم:

من ئەوەی لە دەستم بێت بۆ خزمەتی وڵاتەکەم دەیکەم.

ئەو وتی:

بەڵام ئەو ئەرکە بۆ خێزانەکەت کارێکی زەحمەتە و هەموویان ماندوو دەبن.

منیش وەڵامم دایەوە و وتم:

من ئەوە باش دەزانم و بەدڵنیاییەوە ئەوەم قبووڵە. لەبەر خۆمەوە وتم ئێ دەباشە من منداڵەکانم گەورە بوون، هاوسەرەکەشم یارمەتیم دەدات بۆ ئەوەی ئاگای لێیان بێت. ماکین لە هاوسەرەکەمی پرسی، منیش وتم ئەو زۆر هانم دەدات، دەزانم یارمەتی زۆرم دەدات. لەو دیمانەیەدا من و ماکین هەستمان کرد زۆر خاڵی هاوبەشمان لە نێواندا هەیە، ئەو شانازی بەوە دەهات کەوا من

له بۆچوونەکانمدا سەربەخۆم، دیارە کەوا منیش وا بووم، ئەو سەربەخۆییەش وزەمان دەداتێ بۆ کارکردن بەئاراستەیەکی دروست، ئەگەر چاویشمان لە رازیبوون و گلەییی رەوتێک یان حزبی کۆماریش بپۆشین. سەبارەت بەخودی خۆم من قەرزباری هیچ کەس و لایەنێک نیم بە گەیشتنم بەو پێگەیە، من بە بەربەرەکانێی سیاسی راستەوخۆ گەیشتوومەتە پۆستەکەم لە ویلایەتی ئالاسکا.

کە سیندی هاوسەری ماکینیش هاتە مەجلیسەکەمان و قسەی بۆ کردم، من بەچیرۆکی ژیانی ئەو ژنە زۆر سەرسام بووم، کە باوکی پیاوێکی هەژار بووە، بەڵام کاری کردووە و سەرمایەکی زۆری پێکەوەناوە، بۆیەش ئەو لە ناو بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند گەورە بووە و بەردەوام یارمەتی کەسانی بێ دەرامەت و هەژارەکانی داوە و کارکەر بووە، کۆمەڵەیەکی تەندروستی تایبەت بەمنداڵە نەخۆشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئەو وڵاتانەی شەڕەکان هەراسان و شپرزەی کردوون دامەزرێنێ، ئەو ئەوەندە یارمەتی منداڵی بێ سەرپەرشتانی داوە تا یەکێکیان لە ماڵەکەی خۆیدا بەخێو کردووە و ئێستا بوویتە یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیان. پاش چەند دەقەیەک ماکین لەگەڵ سالتر و شمیدس بەیەکەوە دانیشتن و کەوتنە گفتوگۆیەکی گەرم و قووڵ، پاشان ماکین ئەوانی جێ هێشت و گەڕایەوە ساڵۆنەکە و هاتە تەنیشتم دانیشت و پۆستی جێگری سەرۆکی ئەمەریکایی بۆ پێشنیاز کردم.

## ئۆباما هیچ ئەزموونی نییە

لە رۆژی بیست و نۆی مانگی ئۆگستی کە دەکاتە رۆژی لەدایکبوونی ماکین لە ناو دەستەیەکی زۆری رۆژنامەنووسان و چاوی کامیراکان لە دایتون لە ویلایەتی ئوهایو ماکین رای گەیاند کەوا سارا پالین وەک کاندیدی جێگری سەرۆک بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە دەکات، لەودەمانە من لەگەڵ تودی هاوسەرم و هەر پێنج منداڵەکەم لە پشتی ئەو دانیشتبووم. پاش ئەوەی

بەیانەکەی راگەیاند بە ئێمەی وت:

من بەڕاگەیاندنی ئەو دەستنیشانکردنە لە دایتون زۆر بەختیارم. پاشان داوای لە من کرد منیش وتارە تایبەتییەکەم پێشکێش بکەم.

لە ئوهایو بەرەو منیسوتا بەڕێ کەوتین کە تێدا کۆنگرەی نەتەوەیی حزبی کۆماری ساڵی ٢٠٠٨ تێدا دەبەسترا، لەوێ ئەندامانی دەستەی هەڵمەتەکەی ماکین لە فڕۆکەخانە پێشوازییان کردم و ئێمەیان گەیاندە هوتێلی هیلتۆن، بەشی سویتەکەمان دوو ژوور هەڵکەوتبوو، ژوورێکیان بۆ خۆم و هاوسەرەکەم و ژوورەکەی تریش تایبەت بوو بە کیژەکانم. لەو دوو رۆژەدا دیمانەی بەرپرسی هەڵمەتەکەی ماکینم دەکرد، لەوانە ستیڤ شمیدس و کریس ئادواردز و ئەلیس و هاوسەرەکەی نیکۆل و راندی شونما و ستیڤ بیگان ئەو وتی، من لە سەرەتای هەڵمەتە بەرایییەکانی سەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە بەشدارم و کاری راوێژکاری کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی دەکەم بۆ چەند ئەندام کۆنگرێسێک و بەرپرسانی بنتاگۆنیش.

ستیڤ بیگان بەڕێوەبەری نووسینگەی لیژنەی کاروباری دەرەوە و ماوەی سێ ساڵ لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکایی لە سەردەمی جۆرج دبلیو بۆش و لە کاتی هێرشە تیرۆریستییەکەی سیپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ پسپۆڕ بووە، لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و پاشان لە رووسیاش ئەو کارەی کردووە و چەند ساڵێک لە مۆسکۆش ژیاوە. هەردووکیان سەبارەت بە ئۆباما بەمنیان وت، ئەو لە کاروباری سیاسەتی دەرەوە شارەزا نییە و ئەزموونی لەو بارەیەوە نییە. بەڵام من وەک سەرۆک شارەوانی و حاکمی ویلایەتی ئالاسکا لەو بارەوە ئەزموونم هەیە، ئەوە و لە بوارەکانی ئاسایشی نیشتمانی و لە ئیدارە و حوکمیش ئەزموونم هەیە.

ناو لەو دەستە فەرمانبەرە نرابوو کە لەگەڵ جێگری سەرۆک کارکەر بوون تیمی (ب)، بەڵام تیمەکەی ماکین بەتیمی (أ) دەناسرا. لە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە شمیدس لە بەشەکەی هوتێلەکە سەردانی کردین، لەوێ منی بە ئەندرو سمیس ناساند، ئەو ژنە بەمنی وت

کەوا ئەو دەبێتە سەرۆکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی من، کە من لە کار و پیشەکەی ئەوم پرسی، بۆم دەرکەوت ئەو لە بازاڕێکی دراو لە نیویۆرک کاری کردووە و هیچ زانیاریشی لەسەر پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا نەبوو.

هەندێ بابەتم لەو هەڵمەتەدا بینی زۆر سەرسام دەبووم، وەک بایەخدان بەشێوەی پۆشاک و جل لەبەرکردن لە کاتی دەرچوونەکانم بۆ کاری هەڵمەتەکە، یان چۆن لە هوتێلە دیار و گەورەکان دادەبەزم، چونکە من لە ژیانی خۆمدا لەویلایەتی ئالاسکا شتی وام نەدیبوو، لەوێ تەنیا هوتێلی سادە و ئاسایی لێ بوو. لەو هوتێلە پلە بەرزانەدا هەتا لە ناو گەرماوەکانیش تەلەڤزیۆنی شاشە گەورەی تێدا بوو، جارێکیان لە ناو گەرماوەکەدا خەریکی شوشتنی ددانەکانم بووم، گوێم لێ بوو بێژەری یەکێک لە کەناڵەکان راگەیاندنی هەواڵێکی بەپەلە و خێرای راگەیاند و وتی:

هەواڵێکی بەپەلە. کە هەواڵەکە بڵاو کرایەوە، سەرسام بووم باسی ئەوەی کرد کەوا کیژە گچکەکەی کاندیدی جیگری سەرۆک کە ناوی بریستۆلە دووگیانە.

دیارە ئەو هەواڵە بۆ من و بۆ هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەم و هاوڕێیەکانم و ئەندامەکانی تیمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە نوێ نەبوو، هەموو ئەوەمان دەزانی کەوا کیژەکەم دووگیانە، چونکە هەرگیز مەبەستمان نەبووە ئەو هەواڵە بشارینەوە، ئەگەر مەبەستیشمان بووایە و بۆشمان کرابووایە، بەڵام ئێمە بەشێوازی تایبەتی خۆمان هەواڵەکەمان راگەیاندبوو. لەودەمانەوە تێگەیشتم کەوا ئێمە کەوتووینەتە بەرەیەکی بەرگری، ئەوەی من لەلام سەیر بوو کەوا من بەئەندامانی دەستەکەی هەڵمەتەکەم راگەیاندبوو کەوا کیژەکەم دووگیانە، ئینجا ئامادەییان نەکردبوو تا بەرگری لەو مەسەلەیە بکەن، بەرنامەیان نەبوو ئەو پێشهاتە بەشێوازێکی دروستکەر و شایستە کۆنترۆڵ بکەن، چونکە ئەو چیرۆکە کاریگەریی لەسەر تەواوی هەرزەکارانی ناو ئەمەریکادا هەبوو.

## بەشی دووەم

# بواریان نەدام ستایشی ڕۆڵی جۆرج بۆش بکەم

ئەو قسـەی باراک ئۆمابام لـە کاتی هـەڵمـەتی هـەڵبـژاردنەکاندا بـەبیـر دەهـاتەوە کـە وتبـووی، دەبێ ئەندامـانی خـێزانەکـەم لـەو پرۆسـەیە لە دیدی مـیدیاکـانەوە دوور بن، بۆیەش دەزگاکانی راگەیانـدن رێزی داواکەی ئەویان گرتـبوو، وازیان لە دوو کـیـژەکـەی ئـەو هێنابوو، دیـارە ئەوەش نەریتـێکە لە ئـەمـەریکا پەیڕەو دەکرێت. ژنێک بەناوی (ماریا)یان کردە بەڕێـوەبەری هـەڵمەتی هـەڵبـژاردنەکەم، بڕیارم دا بـە بەیانێکی رۆژنامـەگـەری وەڵامـی بابەتەکـەی بـریسـتـۆلـی کـیـژم بدەمـەوە، مـاریا دانەیـەکی بەیانەکـەی نیشـان دام کـە سـاز کـرابوو بەناوی من بڵاو بکرێتەوە، لەو بەیانـەدا نووسـرابوو:

ئێمـە وا دەزانین دووگیـانی ئەو کـیژە وا دەکـات، وەک چۆن حـەزمـان دەکـرد ئەو زووتر گەورەبێت، ئێمە زۆر بەبڕیارە تایبەتییەکەی ئەو سەربەرزین، چونکە بەو کارەی ئەو، من دەبمە داپیرە، ئەوەش دڵم خۆش دەکات.

کە نامـەکەم خوێندەوە بەدەقـەکە تووشـی شـۆک هـاتم، بەماریام وت، ئەوە ئەو نامەیە نییە کە من دەخوزام بڵاو بکرێتـەوە، من هـەرگیز بەوە دڵشـاد و کامەران نیم کـیـژە هـەرزەکـارەکـەم دووگـیـان بێت، دەسـتم دایە قـەڵەمـەکـەم و هـەندێک دەسـتکاریم لە دەقی نامـەکە کرد، نووسـینەکە وای لـێ هـات هـاوکـێشـەیەک لە نێوان خۆشـەویستیمان بـۆ کیژەکەم و نیگەرانیمان لە سکەکەیدا هـەبێت، دەقی نامە چاککراوەکەم دایە دەست بەڕێوەبەرەکەم بۆ بڵاوکردنەوە.

کـە نامـەکـە بڵاوکرایەوە، بریسـتـۆلی کـیـژم زۆر بەلەز پێـوەندیی پـێـوە کـرد، هەستم کرد ئەو تووڕەیە بۆیە وتی:

هەموو جیهان زانی من دووگیانم، ئەوە من تووڕە دەکات.!

منیش کۆششم کرد کیژەکەم سارد بکەمەوە، داوای لێبووردنم لەو کرد، پێم وت، خـەتای من بوو، کە هـەموو خـەڵک لەو مەلـەسە تایبەتییەی تۆ ئاگەدار بوون و دوایی بەیەکەوە زۆرتر قسـە دەکـەین و مەسـەلەکە شی دەکـەینەوە. بەڵام کە من گــوێـم لە بـەیانـەکــەی تەلەڤــزیۆن بـوو هـەســتـم کــرد بەیانەکـــەی مـن نەخـوێندرایەوە، ئەو دەقـەیان خـوێندەوە کـە مـاریا پێـشکێـشی منی کـردبوو،

ئەوان دەستکارییەکەی منیان چاک نەکردبوو، من بەوەیان زۆر سەرسام بووم، نەمدەزانی چ روو دەدات، من و ماریا بەو کارە مات بووین، ئەو وتی:

من دەقە نوێیە پاش دەستکارییەکەم دانێ، نازانم چۆن ئەوە بڵاو دەکەنەوە، منیش تێ ناگەم چ روو دەدات.

## پەیامێکی روون

لە بڵاوبوونەوەی نامەکەدا بەو ناوەڕۆکەوە دیاربوو کەوا بەرپرسانی هەڵمەتەکە دەسەلاتدارن لەو بابەتانە، ئەوان ئەگەر لەسەر مەسەلەیەکی تایبەتی بەخێزانەکەم سەرپشکم نەکەن، ئەدی لە مەسەلەکانی تر چۆن بوارم دەدەن ئازادانە بۆچوونەکانی خۆم دەرببڕم! من وتم رەنگە مەسەلەکە هەڵەیەکی بێ مەبەست بووە، هێشتا گومانەکە لە بەرژەوەندیی کەسە تاوانبارەکەیە، تا ئەودەمانەی راستی رووداوەکە روون دەبێتەوە، بەلام پاش ئەوەی چەند مەسەلەی تری هاوشێوە هاتنە پێشەوە، رۆژێکیان بە شمیدسم وت:

چ لەو هەڵمەتەدا شیاوە و بوار دەدەن و چ بوار نادەن قسەی لەسەر بکەین، شمیدس لەو کاتەدا زۆر سەرقاڵ بوو، بۆیە وتی:

تۆ رێنوێنییەکان جێبەجێ بکە و بەس.

لەو ویلایەتەی کە منی تێدا حاکم بوو، کە هەواڵی کاندیدییەکەم لە رۆژی بیست و نۆی مانگی ئۆگستی ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن (ماکین)ەوە بڵاو کرایەوە و هەواڵەکە دەگاتە ئەوێندەرێ، هەزارەها رۆژنامەنووس دەکەونەخۆ بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانم و رۆژانەی ئەندامەکانی خێزانەکەم، ئەوان بەپەرۆشەوە لە هەواڵێک دەگەڕان بیدۆزنەوە و بیکەنە هەواڵی پێشینە و یەکەمین. لە بیرمە پیاوە نەیارەکەم لە هەڵبژاردنی پۆستی ویلایەتەکە (جۆن شتاین) لە دیمانەیەکی رۆژنامەگەریدا وتبووی، گوایە من سانسۆر دەخەمە سەر بەشێک لە کتێبەکان، کەوا من لە کاری رۆژانەی سیاسیدا هزری ئاینی بڵاو دەکەمەوە، دیارە ئەوەش گەردەلوولێکی دژواری نایەوە، من بوومە

کەسێکی دینداری توندڕەو، هەواڵەکە بڵاو کرایەوە و هیچ کام لە رۆژنامەنووسەکانیش پێش بڵاوکردنەوەشی سۆراخی راستی و نادروستی مەسەلەکەیان نەکرد و لە زانیارییەکەیان نەکۆڵییەوە. مەسەلەی دانانی سانسۆر لەسەر کتێبەکان زوو هەڵدرایەوە، چونکە زۆر لە ناوی کتێبەکانی سەر تۆڕی ئەنتەرنێت، دەرکەوت هەر بڵاو نەکرابوونەوە، ئیتر بەو جۆرە درۆم بۆ هەڵدەبەسترا، درۆ لە دوای درۆ، دیارە ئەگەر رۆژنامەکان کاریان کردبووایە راستییەکان زۆر بەئاسانی ئاشکرا دەبوون. سەبارەت بەسکبوونی کیژە هەرزەکارەکشم گوێم لێ دەبوو کەسانی لیبرال لەو مەسەلەیەدا لێم دەبوونە کەسانی کۆنسێرڤاتێڤ و داواکار دەبوون ئازادییەکانی منداڵەکانیان سنووردار بکرێت، بۆیەش لە قسەی یەکێکیان هەڵوەستەیەکەم کرد و وتم:

ئەگەر سارا پالین نەتوانی کیژێکی خۆی کۆنترۆڵ بکات، ئەدی چۆن دەتوانی ببێتە جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.!

## شەڕی تەبشیری

دەزگاکانی راگەیاندن سەبارەت بەهەڵسوکەوت لە مەسەلەکانی من و خێزانەکەم هەڵەی زۆریان دەکرد، دەیاننووسی کەوا من لە پرۆگرامی قوتابخانەکاندا دژی فێرکردنی مادەی سێکسم، گوایە من وتوومە شەڕەکەی عێراق، شەڕێکی تەبشیری بووە، ئەوان واتە ئەمەریکا لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خواوە ئەو شەڕە دەکەن، بەڵام ئەوەیان چەواشەکردنی قسەیەکی من بوو کە لە کەنیسەیەکی لۆکالیدا گوتبووم.

ئەو جۆرە بوختانانە بەردەوام و بۆ چەندین جار دووبارە دەبوونەوە، رۆژنامەکانی تایلۆند و ئەوانی تریش مانشێتی ناشیرینیان دادەبەزاند، بۆیەش خوێنەری سادە و ئاسایی بۆی نەدەکرا وەهم و راستییەکان لە یەکتری جیا بکاتەوە. لە ویلایەتی ئالاسکا بریستۆلی کیژم توانای نەمابوو سەیری بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن بکات، کە بەردەوام باسیان لە دووگیانییەکەی ئەو دەکرد، کەسانی پسپۆڕ لەو بابەتە باسیان هەبوو، هەبوو دەیوت:

رەنگە دووگیانی ئەو کیژە باندۆری لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا هەبێت.!

ئەو وتارەی کە من لە کۆنگرەی نەتەوەیی حزبی کۆماری پێشکێشم کردبوو، کۆشش و کاری تیمێکی تەواو بوو کە بەسەرۆکایەتی (ماسیو سکۆلی) بوو ئەو پێشتر لە ئیدارەی جۆرج بۆشدا ئەندامی تیمی کار بووە. ئەو ئەندامێکی رەوتی کۆنسێرڤاتیڤ بوو لە ناو حزبدا، تا ڕادەیەکی زۆر بەرز لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بوو. ئەو کە گوتاری دەنووسی وای دەزانی پارچە شیعرێک دەنووسێت، بەڵام من کە وتارەکەم گەیشتە دەست کەمێک دەسکاریی نووسینەکەی ئەوم کردبوو. کە لە خوێندنەوەی وتارەکەم بوومەوە، من سەرسام بووم کە ماکین هاتە سەر سەکۆکە و سڵاوی لە خۆم و هاوسەرەکەم و منداڵەکانم کرد، بۆ شەوی دوایی لە حزبەوە بڕیار دەرچوو من بۆ ئەو پۆستە کاندید بکرێم، لەو کۆڕەدا بنەماڵەی هەردووکمان ئامادە بوون، لەوانە دایکی سیناتۆر روبرتا ماکینیش لەوێ بوو.

دەزگاکانی راگەیاندن کەوتنەخۆ کێ و چۆن و کەی یەکەمین دیمانەی من وەک کاندیدی جێگری سەرۆک بڵاو بکەنەوە، هەندێکیان وتیان با دیمانەکە لەلایەن (کاتی کوریک) لە ئیستگەی سی بی سی بێت، بەڵام من پێشنیازم کرد دەستپێشخەرییەکە بۆ گەیاندنی نامەکەی من با لە ئیستگەی فۆکس و رۆژنامەی ول ستریت ژوورنالەوە بێت، دیارە ئەوەشیان لەگەڵ بۆچوون و ڕێنوێنییەکانی حزبیش هاوشان بوو، لە کۆتاییدا تێگەیشتم کەوا بژارەکان لە دەستی من نییە، کە لە کێندەرێ پەیامەکەم بگەینێم. لەوەوە تێگەیشتم کەوا ماکین کەسێکە لە دەرکردنی بڕیارەکان و کەسایەتی و هزردا تاکڕەوە، ئەو بە منی وت، بۆیە من تۆم هەڵبژاردووە، چونکە تۆ جۆرێک لە نامۆییت تێدایە، لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا من پێوەندیم بە هەردوو توێژەر و کەسایەتی بواری ئیستگە (پۆپ لیستر) و (مارک کۆلافیشیو) هەبوو، لەمێژبوو ئەوانم دەناسی، بەردەوامیش بەیەکەوە قسەمان کردووە و بۆچوونەکانمان گۆڕیوەتەوە، لە ئیستگەیەکی تری نەیاریشدا (ئایدی بۆرک)م

دەناسی، لە کاتی ئەوەی مەبەستم راگەیاندنی مەسەلەیەک هەبووایە پێوەندیم پێوەیان کردووە، یان کە ئەوان نیازی پرسیارێکیان لە بابەتێکی گەرم و رۆژدا هەبووایە پێوەندیمان دەبوو، من لەگەڵ کارمەندانی دەزگاکانی راگەیاندنی لۆکالی و نەتەوەیی پێوەندیی گەرمم هەبووە، ئەگەر منیان لە بارەگای حاکمیەتی ویلایەتەکە ویستبووایە لە ماوەی چەند دەقەیەک ئامادە دەبووم، زۆربەی ژوورنالیستەکان ژمارە تایبەتییەکەی مۆبایلەکەی منیان هەبوو، منیش ژمارەکانی ئەوانم هەبوو، من لەگەڵ رۆژنامەنووسان لە ئالاسکا بەو شێوەیە هەڵسوکەوتم کردووە.

## پاڵەوانێکی نەتەوەیی

پێوەندیم بەرۆژنامەنووس پۆپ لیستر کرد، کە زانی من داوای ئەوم کردووە، زۆر دڵی خۆش بوو، ئەوم بەجۆن ماکین ناساند، بەیەکەوە و بەپێکەنینەوە راستەوخۆ قسەیان کرد، لەوێ لیستر ئەوی بەپاڵەوانی نەتەوەیی پێناسە کرد و وتی شانازییە بۆ من لە تەنیشت ئەودا دانیشم، بەڵام یەکێک لە ئەندامانی ستافی هەڵمەتەکە لەسەر ئەو دەستەواژەیە گلەیی هەبوو، بۆیە پێی وت ئەوەیان جارێکی تر دووبارە نەکاتەوە. من نەمزانی بۆچی بەرپرسی ئیستگەکە لەوەیان رازی نەبوو، هەموو جارێکیش کە رووبەرووی ئەو جۆرە رەفتارە دەبوومەوە هاورێیەکانم کە لە پۆستەکانی ئالاسکاش بووم، ئەوانیش هەمان کاردانەوەیان نیشان دەدا. هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کەوا من رۆژیکیان هەڵسوکەوتێ بکەم گونجاو نەبێت، بەرپرسانی هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنی ماکین دەیانووت، ئەو پیاوە دروشمی روون و ئاشکرایە بەوەش ناسراوە کەوا ئەو زۆر بەراشکاوانە رەفتار دەکات. بۆیەش ئەو بواری ساز کردبوو کەوا رۆژنامەنووس هەموو دەم و هەموو جۆرە پرسیارێک بکەن.

ماکین دژی ئەو رەفتارەی من نەبوو، بەڵام بەرپرسەکانی ئیستگەکە پێیان باش نەبوو، بەو لێدوانانەی کە من بۆ دەزگا راگەیاندنەکانی ئالاسکا کردبووم پێیان خۆش نەبوو، زیاد لە پێویست بەوە قەڵس و هەستیار دەبوون، بۆیەش

من رۆژێکیان قسەیەکم لە مست بەرپرسەکەی هەڵمەتەکەم نا و پێم وت:

من ئەوە بە بەشێک لە کارەکەم وەک حاکمی ویلایەتی ئالاسکا دەزانم کە دەخوازم بەهۆی دەزگاکانی میدیای لۆکالییەوە پێوەندیم بەدەنگدەرەکانمەوە لەو ناوچەیەوە بمینێت و بەردەوام هاوشانی ئەوان بم. بەڵام شمیدس وەڵامی دامەوە و وتی:

ویلایەتی ئالاسکا لە کۆمەڵگەی هەڵبژاردندا تەنیا سێ دەنگیان هەیە، بۆیە پێویست ناکات، تۆ جارێکی تر پێوەندییان پێوە بکەیت. ئەوە بوو کەسایەتی شمیدس، منیش رێزی کەسایەتی و بۆچوونەکانی ئەوم گرت.

ئەو ژنەی لە ویلایەتی ئالاسکا پەیڤداری من بوو ناو (میگان ستابلتۆن) بوو، ئەو پاڵەپەستۆی دەکرد تا لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی حزبی کۆماریدا بەڵگەی فەرمی و بواری هەبێت تا بتوانێت هەفتانە وەڵامی پرسیاری میدیاکانی ئەو دەڤەرە بداتەوە، ئەو چەند ساڵ لەگەڵ مندا لە نووسینگەی حاکمییەتدا هاوکارم بوو، ئەو دەیزانی من کام کار بە پێشینە دەزانم، ئەو لە من تێگەیشتبوو، ئەوەش ئەڵقەی بەستنەوەی من بوو بەدەنگدەرەکانی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا.

## راپۆرتە سلبییەکان

میگان لە ئالاسکاوە پێوەندیی پێوە کردم کەوا پەیامنێرێکی یەکێک لە ئیستگەکان ئامادەیە بۆ دیمانەیەک لەگەڵ من وەک کاندیدی جێگری سەرۆک بگاتە مینوسوتا ئەگەر مەسرەفی هەر چەندیش بێت، بۆیە منیش پێوەندیم بەئیدارەی هەڵمەتەکەم کرد تا رادەی پاڕانەوە تەنیا وەڵامی ئەو سێ پرسیارانە بدەمەوە، ئێوە هەست بە چ دەکەن...؟ رەوشەکە چۆن دەبینن...؟ پەیامت بۆ هاووڵاتییانی ویلایەتی ئالاسکا چییە...؟ کە پرسیارەکانم بە ئیدارەکە وت، ئەوان رازی نەبوون ئەو دیمانەیە بکرێت، بیانووش ئەوە بوو کەوا کەناڵەکانی راگەیاندن لەسەر ئاستی نەتەوەیی رەنگە ئەو دیمانەیە بەچەندین بۆچوون و رامان و هەستەوە لێک بدەنەوە. ئەوەی من مەزەندەم

دەکرد وامان کرد، لەگەڵ میگان لەسەر ستراتیجییەک ڕێککەوتین کەوا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نەتەوەیی دەتوانن ژوورنالیستەکانیان ئاراستە بکەن چ دەخوازن لە من بیکەن، بەتایبەتی ئەوانەی دەمناسن و زووتر و چەند ساڵێکە نووسینیان لەسەر من هەبووە و ریپۆرتاژیان لەبارەی منەوە ساز کردووە. ئەوەش یارمەتی دەدات کەوا ڕووبەڕووی ئەو ڕاپۆرتە سلبییانە ببنەوە کە ڕاگەیاندنی ئەمەریکایی لەسەر من سازیان کردبوو. بەڵام میگان ئەوەی بۆ جێبەجێ نەبوو زۆر پێوەندیی بە بەرپرسانی هەڵمەتەکەی ماکین کردبوو، چەند هەفتەیەک چاوەڕوان دەبێت، بەڵام سوودی نابێت و وەڵامیان نەبوو، لە کۆتاییدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەو سیاسەتە چەند زیانی بەهەڵمەتەکەمان دابوو لە ئاکامی وەڵامنەدانەوەی ئەو بۆچوونانەی لێرە و لەوێ کە لە ئەنجامی نەبوونی شەفافیەت ڕوویان دەدا، کە هیچ وەڵامدانەوەیەکمان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئالاسکا نەبوو، ئەوانیش وایان دەزانی من خۆم لەوان باڵاتر دەگرم، بایەخیان پێ نادەم. کریستیان کۆل لە ماڵەکەی خۆیدا و لە پێگەکەی خۆیدا بەرگری لە من دەکرد، بەڵام ئەگەر ئیدارەی هەڵمەتەکە بواریان بەڕەسمی بەو دابوایە ئەوە کارەکەی ئاسان دەبوو بەباشی لە میدیای لۆکالی ئالاسکا گوزارشت لە مەسەلەکان بکات. لە بیرمە من سەفەرێکم بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی حاکمەکانی ویلایەتەکان کرد، هەندێ کەسم لە پشتەوەم وەستابوون گوێم لێ بوو دەیانوت ئەو بۆنەیە کاتێکی گونجاو و مەزنە کە حاکمێکی ئامادەبووی ئەو کۆبوونەوەیە لێرەیە کار دەکات بچێتە کۆشکی سپی.

یەکێک لە ڕۆژنامەنووسانی ئالاسکا لەوێ بوو، من لەو نزیک بوومەوە و ویستم قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام بەرپرسەکەی هەڵمەتەکەمان دەستی منی ڕاکێشا و لە پێش خەڵکەکە بە منی وت (نا... نابێ.. نا.. نا)، کە لە ساڵۆنەکە دەرچووم دووبارە هەمان ڕۆژنامەنووسەکەی ئالاسکام دیتەوە، بەڵام دووبارە دوو کەس لە یاوەرەکانم بواریان نەدا من لەو نزیک ببمەوە، منیان بەپەلە گەیاندە سوپەرەکەمان. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە دوور بوو لە هەموو جۆرێکی

زەوق و ئەتەکێت کە ئەندامانی هەڵمەتەکە بەو شێوەیە لەگەڵ مندا دەجوولانەوە.

## سارا ئازاد بکەن!

لە راپۆرتێکی تەلەڤزیۆنیدا لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنی حزبی کۆماری یەکێک وتبووی:

ئەو سارا پالینەی کە ئێمە دەمناسی دیار نەماوە.

من دەڵێم رەوشەکە بەو شێوەیەش نەبوو، منیش گلەییم لێ ناکرێت ئەگەر بەو شێوەیەش قسە بکەم. لە هەفتەی سێیەمی مانگی سپتەمبەردا هەڵمەتی (سارا ئازاد بکەن) دەستی پێ کرد، دەزگاکانی راگەیاندن دژ بەبڕیارەکەی تیمی ماکین هاتنە قسەکردن و گلەیی کەوا من و خێزانەکەم سنووردار و بێزار کراوین، ئەوانە و فەرمانبەرەکانی حاکمیەتی ویلایەتی ئالاسکا و برادەرە نزیکەکانم ئەوانیش لەو ماوەیەدا ئەو پرسیارەیان دەکرد، کەوا من لە یەکەم دیمانەکەی دەستنیشانکردنەکە کە خۆم هەردوو ئیستگە فۆس و رۆژنامەی ول ستریت ژوورناڵم دانابوو دیمانەم لەگەڵدا بکەن، چونکە من لەوێ وەک کاندیدێکی بەهێزی حزب دەرکەوتبووم.

نیکۆل ویستی ئیقناعم بکات کەوا من یەکەم دیمانەم لەگەڵ (کاتی) بێت لە (سی بی ئێس) چونکە کاتی وتوویەتی من زۆر بەو ژنە کارکەرە سەرسامم، کە بەخۆم دەچێت، ئەو ژنەی کیژی هەرزەکاریشی هەیە، هەروەها نیکۆل وتبووی من ماوەی چەند مانگێکە کاتی ناس دەکەن، بەیەکەوە کارمان کردووە، بەڵام من کە بوومەتە ئەندام لە ستافەکەی هەڵمەتی ماکین لەو دەزگایە دوورکەوتوومەتەوە، لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی نەتەوەییدا ئەو ئەزموونی سیاسی هەبوو، بۆیە دەبوایە من بڕوای پێ بکەم. ئەوەی منی دەورووژاند ئەوە بوو کە من ئەو ژنەم دەبینی و قسەی لەسەر کار و رۆژانەی کارکردنی وەک پەیڤداری جۆرج بۆشی (کوڕ) دەکرد کە ماوەیەکی زۆریش لەوێ بووە، هەرگیز بەچاکە باسی سەرۆک و ئەزموونی سەرۆکی لە کۆشکی سپی نەدەکرد، هەر

کە من دەمـوت سـەرۆک بۆش کـاری زۆری کـردووە و لە بـواری پاراسـتنی ئاسـایشـی نەتەوەیی چالاک بووە، ئەو زوو دەربڕینەکـەی منی دەشکاندەوە و منی رادەگرت بە منیان دەوت ناکرێ قسە لەو لایەنە بکرێت.

من نەمـدەزانی ئەو قـسـانە لەلایەن نیکۆلـەوە بوون یان لەلایەن سـتـافی هەڵمەتەکەوە بەو شێوەیە راسپێردرابوو...؟ نیکۆل دەیوت کەوا (کاتی) زۆر مـەراقـیـەتی ئەو دیمانـەیە بکات و لەو هـەڵمـەتـەدا دەنگی هەبێت تا لە ئیستگەکاندا پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆی ساز و ئامادە بکات، چونکە ئەو ماوەیەکی زۆر دوورەپەرێز و دوورخراوە بووە و هەستی بە شکان و بە لادان کـردووە و رەوشی تایبـەتی خـۆشی باش نییـە. من لەبەرخـۆمەوە دەمـوت، ئەوەیان چ پێوەندیی بەهەڵمەتەکەی هەڵبژاردنەکەی ماکینەوە هەیە...؟ بەڵام نیکۆل بەردەوام دەیوت کاتی زۆر پێویستی بەوە هەیە یەکێک خۆشی بووێت، ئەو پێویستی بەمحبەتی تۆ هەیە. ئەوەندی ئەو باسی کاتی بۆ کردبووم من بەزەییم پێ دەهاتەوە، چونکە ئەو زۆر کاری کردبوو تا لەو بوارەدا کارێک بکات پێگەی خۆی لە بواری میدیا و راگەیاندنەوە بەهێز بکات، بەڵام دیارە هەرگیز بایەکە بەئارەزووی کەشتیوانەکە هەڵی نەکردووە. لەو ماوەیەشدا بەردەوام پاڵەپەستۆم لەسەر بوو تا من لە میدیاکان دەرنەکەوم، بەڵام من دەستەوەستان نەبووم، پێوەندییم بەهاوڕێیەکەمەوە کرد و داوام لێ کرد ژمارەی تەلەفۆنی کەسایەتییە دیارەکانی بواری میدیام بۆ ساز بکات، بۆیەش توانیم پێوەندیی بە (راش لیمبا) و (لورا ئەنگراهام) و (شین هاینتی) و (لاری کارلۆ)وە کرد، دوایی بۆم روون دەبێتەوە کەوا ئەو (نیل کافۆت)ە نەک کارلۆ. کە سەفەرم بەفڕۆکە دەکرد بواریان نەدەدام بچمە بەشی دواوەی فڕۆکەکە نەوەک لەگەڵ رۆژنامەنووسان و کارمەندانی راگەیاندن قسەیەک بکەم، ئەو بەشەم بەیەکجاری لێ قەدەغە کرابوو.

## ژنێکی فره پیشه

تریسی ئەو ژنەی بەرپرسی هەڵمەتەکەمان بوو، ژنێکی فرە پیشە و بەئەزموون بوو، هەمـــوو لایەک ڕێزیان دەگـــرت، ئەو بەردەوام بیــــری لە هەنگاوە ستراتیجییەکانی داهاتوو دەکردەوە. ڕۆژێکیان لەگەڵ ئەو ژنە و دەستەی وێنەگرەکان کە بەردەوام ئامادەیی هەبوو کۆبووینەوە، ئەوان بەمنیان وتبوو، وایان فێر کردبووم، کەسایەتی کاندیدکراو بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەمەریکایی کە سواری فڕۆکە دەبێت دەبێ بەتەنیا بێت، کە سەرکەوت دەبێ پشتی لە خەڵکەکە بکات و ئاوڕی پشتەوەش نەداتەوە و کە گەیشتە دەرگەکە بەدەست ئیشارەتی ماڵئاوایی بکات و بچێتە ناو فڕۆکەکە. بەڵام لەو ڕۆژەدا لەگەڵ ئەو بەیەکەوە سواربووین و کەوتینە قسەکردن و پروتۆکۆڵەکانمان لە بیر چوو، کە دەستم بۆ ماڵئاواییکردنەکە بەرز کردەوە، ئەویش لە تەنیشتمەوە دەستی بەرز کردەوە، لەو دەمانەدا ئەندامانی ستافی هەڵمەتەکە هەستیان بەو هەڵەیە کرد کە هەردووکمان بەیەکەوە کردمان.

لەو سەفەرانەدا کیژە گچکەکانم لەگەڵ ستافەکانی میدیا و پیاوەکانی هاوشانم پێوەندییان خۆش دەبوو، ئەوان زۆر جار دەچوونە پشتەوەی فڕۆکەکە و سەریان لەوان دەدا و لە شوێنە تایبەتییەکانی ئەوان دەمانەوە. لە هەموو سەفەرێکدا کە لەگەڵ بەرپرسانی هەڵمەتەکە دەمکرد، ئەوان هەڵسوکەوتە باش و خراپەکانیان بەبیر دەهێنامەوە و ئاماژەیان پێ دەکرد، منیش زۆر جار پێم دەوتن دەزانن من لە بیرم دەچێتەوە کەوا لەو هەڵمەتەدا کارکەرم، من هەر وەک حاکمەکەی ویلایەتی ئالاسکا دەجوولێمەوە. بەرپرسەکانی هەڵمەتەکەم بواریان پێ دام سەردانی بنکەیەکی سەربازی لە "فۆرت وینرایت" بکەم، کە تێدا کوڕەکەم لەسەر ڕۆیشتن بوو بۆ عێراق، من بۆ ماڵئاواییکردنی ئەو، سەردانی ئەو بنکەیەم کردبوو، دیارە نەدەکرا لەوەیان ڕێگەم پێ بگرن.

# بەشی سێیەم

# هاککردنی ئیمێلەکانم

من بۆ بەڕێکردنی کوڕەکەم گەیشتمە بنکە سەربازییەکە، لەوێ لە تەنیشت ئەو خێزانانە دانیشتم کە کیژ و کوڕەکانیان بەرەو عێراق بەڕێ دەکرد، بەو بۆنەیە دەیان خـێـزان ئامـادەی ئـاهـەنگەکـە بووبـوون، سـەربازەکـان زۆر بوون حـەزم دەکرد لە ناویاندا (تریک)ی کوڕم بدۆزمەوە، بەڵام لە ناو ئەو ئاپوورەیەدا ئەوە ئاسان نەبوو، هەموو بەجلە سەربازییە یەکپۆشەکانیان لەیەک دەچوون، تودی هاوسـەرم لەگەڵ هەمـوو ئەندامـانی خـێزانەکـەم پێش من هـاتبـوون و پەرۆش بوون بەیەکەوە وێنەی بەڕێکردنی لەگەڵدا بگرین، بەپێی پترۆکۆڵەکان دەبووایە من لە دوورەوە سـەیری بکەم، هـەسـتـێکی زۆر سـەیرم بۆ هـات وام دەزانی بەڕاسـتی من کـەسـێکی دیلکراوم. ئاهـەنگەکـە دەسـتی پێ کـرد، بۆ وتار خوێندنەوەکەم نۆرەی منیش هات، دەستەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی حزبی کـۆمـاری ترسی ئەوەیان هـەبوو من لـەو وتارخـوێندنەوەیەدا هـەڵەیەک بکەم، ئەوەش لەسـەر هەڵمـەتەکـە و حزبـەکە گـران و زیانبـەخش دەکـەوتەوە، دیارە میدیاکانیش بەپەرۆشەوە لە کەوتنی وشەیەکی لەلایەن منەوە دەگەڕان تا هەڵی بگرنەوە، بۆیە دەسـتـەکـە داوای کـردبوو مـن پێش خـوێندنـەوەی وتارەکـەم دانەیەکیان پێشکێش بکەم. کە هەڵمەتەکە کۆتایی هات من و دەستـەکـەم سـەیرێکی یەکـتـرمـان کـرد و لە یەکـتـریمان دەپرسی (ئایا کێ بوون ئەوانەی هەڵمەتەکەیان بەڕێوە دەبرد...؟).

بەختیاربووم کە بەرپرسانی هەڵمەتەکە لە دەقی نامەکەم رازی بوون، کە تێـدا داوام لە سـەربازەکـان کـردبوو بەوپەڕی ئـازایی و ئیلتـیـزامکردن و قوربانییەکان کار بکەین لەپێناوی وڵاتەکەیان و لە خواش پاڕامەوە هەموویان بپارێزێت. لە رۆژی حەڤدەی مانگی سیپتەمبەردا من و جۆن لەگەڵ خەڵکی ویلایەتی میتشیگان کۆبوونەوەیەکمان ساز کرد، ئەوەش یەکەم کۆبوونەوەی میللی بوو لەو هەڵمەتەدا، من لەو جۆرە کۆبوونەوانەم لە ئالاسکا زۆر کردبوو، شـارەزاییی باشم هەبوو، کـۆبوونەوەکـانیـشم زۆر بەسـەرکـەوتوویی ئەنجـامم دەدان.

## هاککردن

لە ویلایەتی میتشیگان بوارم بۆ ساز بوو سوپاسی ئەو بنەماڵەیە بکەم کە (تریک)ی کوڕم لە ماوەی بەشداریکردنی لە خولی هۆکی لە ویلایەتەکە لە ساڵی ٢٠٠٦ کرابوو، ئەو لە ماڵی ئەوان ماوەتەوە و خزمەتیان کردووە. مەبەستیش بوو سوپاسگوزارییەکەم ئاراستەی ویلایەتەکەش بکەم کە چاودێری کوڕەکەمیان کردووە و پێیان بڵێم کەوا دایکی تریک وا ئیمڕۆ دەیەوێت لەو پرۆسەیەدا خزمەتتان بکات و بۆ خۆشگوزەرانی ئێوەش کارکەرە. لەو ویلایەتەدا باراک ئۆباما بەپازدە خاڵ لە پێشەوەی ماکین بوو، من دڵنیابووم بەو سەفەرەمان دەتوانین گۆڕانێک لەو ڕێژەیە بکەین و کۆبوونەوەکانمان سوودی هەبێت.

لەو دەمانەی من و هاوسەرەکەم لە یەکێک لە هوتێلەکانی میتشیگاندا بووین لە تەلەڤزیۆنەوە بینیمان نامە ئەلکترۆنییەکانی من، نامە تایبەتییەکانم لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێن، هاککەرەکان گەیشتوونەتە ناو ئیمێلەکانم، هەرچەند دەقەیەک پاش ئەوە بینیم شمیدس لەگەڵ ژمارەیەکی پاسەوانەکانی ئاسایش و بەڕوویێکی تاڵ و بێزارییەوە لێمان بەژووری کەوتن، من بەو دیمەنەی ئەو زۆر ترسام یەکسەر بیرم بۆ لای منداڵەکانم لە ئالاسکا رۆیشت، وتم رەنگە کارەساتێکیان تووش بووە، چونکە لەوێ میدیاکارەکان بێزاریان دەکردن، وێنەگرەکان هەراسانیان کردبوون، بەتایبەتی مەسەلەی دووگیانی بریستۆلی کیژەکەم، چونکە تازە لەسەر سکەکەی ئەو راپۆرتێکیان بڵاو کردبووەوە. بەتەنگاوییەوە شمیدس وتی:

نامەکانت هاک کراون، واخەریکە هاککەرەکان نامە تایبەتییەکانت لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتەوە بڵاو دەکەنەوە و وێنە تایبەتییەکانت نیشان دەدەن، مەسەلەکە تەنیا نامەکانم نەبوو، مەسەلەکە گەیشتبووە نامە و کارە تایبەتییەکانی هاوسەرەکەم و کوڕ و کیژەکانیشم، تا رادەیەک کارەکە گەیشتبووە سەرئەوەی ژمارەی نیشتمانیشم بڵاو دەکرایەوە، زانیارییە زۆر

تایبەتییەکانم بوونە زانیاری گشتی و بە هەموو کەس نیشان دران. کە من نامە ئەلکترۆنییەکانی خۆم دەبینی زۆر شڵەژام، کە ناونیشانی وەرگر و هەناردەکانی خۆم بینی لەسەر شاشەکانی تەلەڤزیۆنەکانەوە نیشان دەدران و ملیۆنەها کەس بۆیان هەبوو بەئاسانی چاوی لێ بکەن، کە زانیم هەموو لایەنە تایبەتییەکان گەیشتنە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە، بۆیە زۆر تووڕە بووم، سەیرە بینیم ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە ژنە دەستە خوشکەکانم باسی ناخۆشییەکانی جیابوونەوەیان بۆم کردووە، هەموویان بڵاو دەکردەوە.

یەکێک لەو نامانەی کە بڵاوبوونەوە ئەو دیالۆگە بوو کە لە نێوان من و بریستۆلی کیژم بوو، باسی سکپڕبوونەکەی ئەومان کردووە، بەیەکەوە قسەمان لەسەر ڕەوشی تەندروستی سکەکەیمان کردووە، نامەیەکی تێدا بوو کەوا من و تودی هاوسەرم باسی ڕەوشی تەندروستیی تریکی کوڕمان کردووە، نامەیەک بڵاو کرایەوە قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کەوا ناکرێ (ویلو)ی کیژمان بەئوتومۆبێلی یەکێک لە کوڕە هاوڕێیەکانی بچێتە زانکۆ، ئەو لایەنە تایبەتییانەی ژیانی خۆمان گەیشتە کەناڵە ئاسمانییەکان، لە ناو فەزای ئەنتەرنێت بەئاسانی دەبینرا. ئەوەی توانیبووی هاکی نامە ئەلکترۆنییەکانی من بکات خوێندکارێکی زانکۆیی کوڕی ئەندامێکی حزبی دیموکراسی سەر بەویلایەتی تینیسی بوو، ئەو وتبووی:

من سارام کردە کەسێکی گشتی.

قسە و لێدوانی هەمەجۆر لەسەر هاککردنەکە دەگوترا، دەیانوت ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد ئەوەمان بێتە پێش. من لەو دەمانە زۆر نیگەران و بێتاقەت بووم، بەڵام نەمدەویست ئەوەم پێوە دیاربێت. دەبوایە من هەموو ئیمێلەکانم ڕەش بکەمەوە، دەبوایە هەموو هاوڕێ و کەسوکارەکانم ئەدرێسەکانیان بگۆڕن، پاش ئەوەی ئەوانەمان ئەنجام دا، بەرپرسانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی حزبی کۆماری بڕیاری دا هەموو تەلەفۆنەکانی منداڵەکانم راگرن. هاتنەوە ناو ئیمێلەکانم کارێکی زۆر خراپی کردە سەر هەڵمەتەکەمان، پێوەندییەکانی لە کار خستبووم بەیەکجاری ئیفیلج بووبووم،

بۆم نەدەکرا پێوەندیش بەدەستەی فەرمانبەرانی حاکمیەتی ویلایەتی ئالاسکاش بکەمەوە، لە هەموویان ناخۆشتر ئەوەبوو بۆم نەدەکرا پێوەندیی بەکورەکەم بکەم کە لەسەر رۆیشتن بوو بۆ عێراق، بەمناڵەکانی تریش پێوەندییم نەمابوو. لەو ماوەیەی هاک کرابووم منداڵەکانم نامەی ئەلکترۆنی ناشیرینیان بۆ دەهات، بەتەلەفۆنەکانیان نامەی قێزەونیان دەگەیشتێ، هەموویان بەوە تا ڕادەی بێزبوون بێزار بوون.

ئەو رووداوە پاڵەپەستۆیەکی زۆر توندی کردبووە سەر هەموو ئەرکەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی حزبی کۆماری، شمیدس و هاوڕێیەکانی بۆ چارەسەرییەک کەوتنە خۆ، بەڵام ئەوەیان باش دەزانی پەرتبوونی نامە و راپۆرتەکانم بۆ هەموو لایەک و هاککردنەکە زۆری نەمابوو هەڵمەتەکەی ماکینیش بڕووخێنێت. ئەگەرچی هیچ لە نامەکانی من کە لە دەزگاکانی میدیا بڵاو دەبوونەوە هیچیان منی پێ تاوانبار نەدەکرا، بەڵام ئەو رووداوە بووە هۆی پەیداکردنی جۆریک لە ترس و لە دڵەڕاوکێ و بڕوانەمان لە ناو سەرکردایەتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە. پاشان کوڕە هاککەرەکە دانی بەوەدا دانابوو کەوا کاری کردووە بوار و دەروازەیەک بدۆزێتەوە کەوا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەمان بڕووخێنێت، زۆرکەسی تر رووداوی هەمەجۆریان سەبارەت بەو بابەتە گێڕایەوە کەوا لە ساڵانی رابردوو بنکەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانمان هێرشی کراوەتە سەر و نیازی رووخاندن و شێواندنی هەڵمەتەکەیان بووە.

## پاڵەپەستۆ و پاڵدانەکە ئەستوورتر دەبوو

ئەو پاڵەپەستۆ و تەوژمەی لەسەر ئاستی وڵاتا هەبوو من هەستم پێی نەدەکرد، تا ئەو رۆژەی لە نزیک گوندەکانی نزیک شاری (لیدی لیک) لە ویلایەتی فلۆریدا کە بوویتە مەڵبەندێکی گەورەی کۆبوونەوەی خانەنشینەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا راوەستاین، ئەو دەڤەرەی هەموو کەرتە خزمەتگوزارییەکانی تێدایە، هوتێل و رێستورانت و دەریاچە و مۆلی زۆری بازرگانی و یاریگەی گۆلف و...، دانیشتووانی ئەو ناوچەیە کەسانی کاران لە

بوارەکانی چالاکی سیاسیدا، بۆیەش بوویتە روانگە و تیچاوی کاندیدەکانی هەڵبژاردن و سیاسەتمەداران، بەتایبەتی حزبی کۆماری، چونکە ئەو ویلایەتە هەر بەئارەزوو کۆمارین.

کە گەیشتمە ئەوێندەرێ هەستم دەکرد من رووبەڕووی جەماوەرێکی زۆرتر لە پێنج هەزار کەس دەبمەوە، بەڵام ژمارەی ئامادەبووان گەیشتە نزیکەی شێست هەزار کەس، لەوێ لە گۆڕەپانەکەدا چاوم بەدەریایەک ئوتومۆبێلی کارەبایی کەوت، ئەوانە لەلایەن یاریزانەکانی گۆلفەوە بەکار دەهاتن، گۆڕەپانەکە بەدرێژاییی رێگەکە بوو کە چەند میل درێژ دەبوو. ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون ژمارەیان ئەوەندە زۆربوو، بڕوا ناکەم نە ماکین و نە ئۆباما ئەوەندە خەڵکەیان پێ کۆکرابێتەوە، بۆیەش من لەبەرخۆمەوە پرسیم دەبێ هۆکاری ئەو کۆبوونەوە گەورەیە چ بێت...؟ لەبەر قەرەباڵغییەکە من بە دە دەقە ئینجا گەیشتمە شانۆی ستاندە سپۆرتەکە، ئامادەبووان بۆ دەستکوشینم نزیک دەبوونەوە، حەزیان دەکرد قسەم لەگەڵدا بکەن.

من ئەو بیست ساڵە لە کۆبوونەوەکان قسە دەکەم، بۆیە ئەو دیمانەم لەلا ئاسایی بوو، بەڵام من هەرگیز رووبەڕووی حەشاماتی ئاوا زۆر نەبوومەتەوە و لە شوێنی وا قسەم بۆ نەکردوون. کە گەیشتمە سەر شانۆکە لەبەر ئاپوورەکە ماندوو بووبووم، بۆیە دەبوایە هەناسەیەک لە ناو کەشە گەرم و بە شێیەکە وەرگرم تا بتوانم وتەکەم پێشکێش بکەم، بەڵام لەبەرئەوەی ئامادەبووان زۆر باش لەگەڵ وتارەکەمدا ئاوێتە بووبوون بۆیە لە کاتی قسەکردنمدا ئاگام لە گەرمی شوێنەکە نەبوو، کە لەوتارەکەم بوومەوە پاش سەعاتێک و نیو بۆم نەدەکرا لە شوێنەکە دوور بکەومەوە، کە لە ناو خەڵکەکە گوزەرم دەکرد ژنەکان هوتافیان دەکێشا و گوێم لە ژنێک بوو دەیوت:

من مێردەکەم لە عێراقە. یەکێکی تر دەیوت:

کوڕێکم هەیە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانە. سێیەمیان دەیقیژاند و دەیوت:

نامەوێ لەسەر کارەکەم دەربکرێم. گوێم لێ بوو منداڵێک دەیوت:

من بۆ دیتنی ئێوە قوتابخانەم جێ هێشتووە.

هەزارەها کرێکاری پترۆڵ و شوفێری لۆری و کارمەندانی دروستکردن و ئەندازیارانی دیکۆر و پزیشکان و مامۆستایان و پەرستاران و ئەفسەرانی پۆلیس لە پێشوازیمدا بوون، سڵاوم لە هەموویان دەکرد و ئیمزام بۆ دەکردن، دیاربوو پاسەوانەکانم ترسیان لەوە هەبوو خەڵکەکە لێم نزیک ببنەوە و بکەومە ناویان، من ئەودەمانە بەهیچ شێوەیەک ترسی ئەوەم نەبوو دەستدرێژی کوشتنم بکرێتە سەر. لە رێگەی گەڕانەوەم لە ناو ئۆتومۆبێلەوە بینیم هەزارەها کەس لەسەر هەردوو لای رێگەکە بۆ بەڕێکردنم بەدرێژاییی چەند میل وەستابوون و هوتافیان دەکێشا و دەستیان بۆم بەرز رادەگرت، زۆریان ئاڵای ئەمەریکا و بالۆنیان لە دەستدا بوو، بۆیە نیشاندانی پشتیوانی خۆیان سەدان کەسی سواری چەرخە کارەباییەکانی یاری گۆلف بەدوای ئۆتومۆبێلەکەمەوە بوون. من لەگەڵ ئەو خەڵکەی بۆ پشتیوانی من هاتبوون ماوەیەکی باش مامەوە، لە ئەنجامدا بەرپرسانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەمان لەو هەڵسوکەوتی من نارەحەت بوون، کە تووڕە بوون وایان نیشان دەدا کەوا من لەگەڵ ئەوان لەو کارەدا هاوکار نیم، بەڵام دیارە من مەبەستم نەبووە هاوکاری ئەوان نەکەم، بەڵام مەبەستی من ئەوەبوو رێزی ئەو خەڵکە بگرم کە هاتوونەتە پێشوازی من و ئەرکیان کێشاوە، ناکرێ پشتیوانی ئەو جەماوەرە زۆرە پشتگوێ بخرێت.

## ئەمەریکا لە پلەی یەکەمدا

کە دروشمی (وڵاتەکەمان لە پلەی یەکەم)مان هەڵبژارد تیمەکەی ماکین وایان دەزانی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێتە بابەتی ناوەندی هەڵمەتەکە، ئەوەش لەگەڵ دروشمی ئەوان جیاواز بوو کە بەرزیان کردبووەوە (لە پلەی یەکەم گلەیی لە ئەمەریکا بکەن). پاش ئەوەی میشیل ئۆباما لە مانگی فبرایەری ساڵی ٢٠٠٨ لە لێدوانێکیدا وتبووی من لەو دەمانەوە بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەست

دەکەم کـەوا شـانازی بەوڵاتەکـەم دەکەم، من لەو لێدوانەی ئەو حـاڵی نەبووم، بۆیەش دروشـمـەکەمـان بایەخـێکی ریزپەڕی گرینگی هەبوو. هەڵمـەتـەکەمـان دەیویست ماکین وەک پاڵەوانێکی شەڕ نیشـان بدات و بڵێت ئەو کەسێکی زۆر شـیاوە حـوکمی ئـەمـەریکا بکات، کە ئێـسـتـا لەیەک کـاتدا دوو شـەڕ بەڕێوە دەبات. لە سەرەتای مانگی سپتەمبەردا قەیرانە ئابوورییەکە باندۆری لەسەر شەڕی عێراق و ئەفغانستان کردبوو، لە پاش ئەوە قەیرانەکە باندۆری لەسەر رەهنـی عـەقـاری و لایەنـەکـانـی تری ئـابووری دانابـوو. مـاکین بۆ مــاوەیەک هەڵمـەتەکەی راگرت تا لـە کۆنگرەی لە ناکـاوی ئابووری لە واشنتـۆن ئامادە بێت. لەودەمانە سی بی سی دیمانەیەکی لەگەڵ مندا ساز کرد، بەڵام بەداخەوە ئەوان بەشــە خـراپەکـانی دیمانەکـەیان بڵاو کـردەوە، زۆر بەشـیـان بڕیبـوو، دیمانەکە بەشێواوی و بەبڕاوی و نادروست پەخش بوو. من ئەوەم دەزانی ئەو دەزگـا مـیـدیایە سـەر بـەلایەنی لیـبـرالیـیـەکـانە و دژی هەڵوێسـتـی من و هەڵوێسـتـەکانی مـاکین بوون، ئەوەمـان بەدرێژاییـی هەڵمـەتـەکەی هەڵبـژاردن هەست پێ کردبوو، بەتایبـەتی سەبارەت بەمـەسـەلە کۆمـەڵایەتییەکان. من وام دەزانی ئەوان ناتوانن هەڵوێستـەکانم سـەبارەت بەرەوشی ئابووری بشێوێنن، چونکە هەڵوێستەکانم لەسەر بنەمایەکی دروست و راستـەقینەیی دامەزراون، بەڵام من لەوەدا هەڵەبووم.

کـە (کـاتی کـوریک) لە (سی بی ئێس) ویسـتـی ئەوە دەربخـات کـەوا من لە کـاروبـارەکـانی سـیـاســەتی دەرەوە بێ ئـەزمــوونم، من لە وەڵامــدا وتم، من ماوەیەکە پێوەندییەکانم لەگەڵ رووسیا و کەندا و وڵاتانی تر گەرمە، بەڵام ئەو وەڵامەکانی بەسادەیی وەردەگرت وای نیشـان دەدا کە من کەسێکی کەمزانم، بەتایبـەتی کە وتم ئێـمـە رووسـیـا لە ئالاسکاوە دەبینین، دیارە من مـەبـەسـتی مـەجازیم هەبوو لەو دەربڕینەدا، چونکە مامـەڵەکانی حاکمی ویلایەتەکانی ئەمــەریکا زۆربەیـان بەمـەسـەلە دەرەکـیـیـەکـانیـشـەوە بەندە، لەوەیانـدا من نەمتـوانی ئاماژە بەپشکی ئالاسکا لە ئابووری ئـەمـەریکا بدەم، کە بوار سـاز دەکات کەمتر پاڵپشتی بەسەرچاوەکانی وزەی دەرەکی بکەن، یان رووێک لە

یاسای پاراستنی هاوکێشە و گەشەی ژیانی چۆڵەوانی لە ئالاسکا بدەمەوە.

(کاتی) بەهیچ جۆرێک بایەخی بەو مەسەلانە نەدەدا، کە من قسەشم بۆ دەکرد ئەو بڵاوی نەدەکردەوە. بەڵام کە لە (سی بی ئێس)ەوە وتم فڕۆکەی ڤلادیمیر بوتین ئاسمانی ویلایەتەکەی منی بڕیبوو، ئەو راستەوخۆ پرسیاریان کردبوو کەوا هێڵی فڕینی فڕۆکە چۆن بووە، پاش ئەوەی پێوەندییەکەی کردبوو، وتبووی مەسەلەی فڕینی فڕۆکەکە و بانگهێشتنەکە زۆر ورد نییە. کە من باسی بوارە تەسکەکەی نێوان ئالاسکا و ولاتانی ترم کردبوو، سی بی ئێس وەڵامی منی دایەوە و وتی، پاسەوانەکانی سەر کەنارەکان لەو ناوچانە بەرپرسن نەک پالین.

## چاکسازی ناوازەکان بەسەلاوات دەبێت

بۆم دەرکەوتبوو کەوا کاتی و زۆربەی میدیاکارانی دەزگاکانی راگەیاندن بەدوای راوکردنی هەڵەکانی مندا دەگەڕان، من ئەوەم لە چەندین دیمانەدا هەست پێ کردبوو. پاش چەند رۆژێک لە کۆڕێکی هەڵبژاردنەکاندا بووم کە تەواو بووم و هاتمە دەرەوە، بینیم کاتی دەست بەمایکرۆفۆنەوە چاوەڕوانی منی دەکرد، ئەوەی پێوە دیاربوو کەوا رووە بەخەندەکەشی بەزەحمەت ساز کردبوو، بەبێ ئەوەی بنەماکانی ستراتیجیەتی راپۆرتسازی بابەتییانە رەچاو بکات، یان تەرکیز لەسەر راپۆرتەکانی ئەجندەی حزبی بکات رووبەڕووم بووەوە و دەستی بەپرسیارەکان کرد و وتی:

ئایا تۆ پێش ئەوەی لەگەڵ ماکین بگەیتە ناو ئەو هەڵمەتە هەڵبژاردنە بەردەوام کام لە رۆژنامە و کۆوارەکانت دەخوێندەوە، منیش بەخێرایی وەڵامم دایەوە کەوا من زۆربەیانم دەخوێندەوە.

ئەو دووبارە لە منی پرسی:

بەدروستی کامیانت دەخوێندەوە.

منیش دووبارە وتم زۆربەیانم دەخوێندەوە، لەو سالانەی رابردوو هەر

رۆژنامە و کۆوارێکم دەستکەوتبووایە دەمخوێندەوە. لەبەرئەوەی راپۆرتەکان وردکار نەبوون بۆیە حەزم نەدەکرد وەڵامی کاتی بدەمەوە، بەڵام ئەو زۆر بەلووتبەرزییەوە قسەی لەگەڵ دەکردم، دەیویست من زۆر بورووژێنێت و ئیستفزازم بکات، ئەو وای دەزانی کەسێکی دواکەوتووی ناو عەشیرەتێکی بەدەست کەوتووە و هێشتا خودی خۆی نەدۆزیوەتەوە و منی بەچاوی زۆر نادروست دەدواند.

بەڵام دەبووایە من دەمارەکانی تووڕەبوونی خۆم راگرم و خۆم بەتووڕەیی نیشان نەدەم، چونکە ئەو جۆرە رەفتارە دەبێتە مایەی بێ رێزگرتنی بینەرەکانم، ئەوانەی بڕیاریان داوە سەیری دیمانەکە بکەن تا بزانن کاندیدی جێگری سەرۆک چۆنە و باشی بناسن. ئەو سێ جار پرسیاری ناوی رۆژنامە و کۆوارەکانی دەکرد کە من دەیانخوێنمەوە، منیش دەمووت من بەدوای دۆزینەوەی سەرچاوەی هەواڵەکاندا لە ناو هەموو بڵاوکراوەکاندا دەگەڕێم. سەبارەت بە مەسەلەکانی "ئا گی ئای ئا"یش پرسیاری کرد. لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا چەندین دیمانەم لەگەڵدا کرا، بەتایبەتی کە کۆمپانیای وزە و ئاسایش هەرەسی هێنا لە چەندین دەزگاکانی راگەیاندنەوە لەوانە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزەوە، کە من پێشتر و هەر لەو ساڵەدا لەوێ لەسەر بابەتێکی تردا وتارم نووسیبوو، نازانم کاتی ئەو وتارەی منی خوێندبووەوە یان نا.

## بەشی چوارەم

# کاتی کوریک ١٢ جار و بەچەندین شێوە پرسیاری منداڵ لەبەرچوونی لە من کرد!

لە کاتی کاروانی هەڵمەتەکانمدا لە ناو پاسدا "کاتی" لەسەر دیمانەکەی لەگەڵ مندا بەردەوام بوو، بابەتەکان گەیشتە سەر لایەنی هەمەجۆری کۆمەڵایەتی. ئەو پرسیاری ئەوەی لێ کردم، دەکرێ کەسە هاوڕەگەزە سێکسییەکان بەسەلاوات چاک ببنەوە...؟ منیش لە دڵی خۆمدا دەموت ئەو پرسیارە نامۆیە بۆچی...؟ رەنگە ئەو کاری بەو بابەتە و بەوەڵامی ئەو پرسیارەش نەبێت، ئەو پێنج جار قسەکانی دەبڕیم تا توووڕە بووم و ئینجا وازی لێم هێنا، ئەو دوازدە جار پرسی منداڵ لەبەرچوونی لە من کرد!

من زۆر بەڕێزەوە وەڵامی پرسیارەکانم دەدایەوە، هەموو جارێ هەڵوێستی خۆم لەسەر منداڵ لەبەرچواندن بەدژ وەڵام دەدایەوە و دەموت من لەگەڵ ژناندا هاوکارم، لەگەڵ سۆزداری بەخێوکردنم، بەڵام کاتی بەردەوام نە جارێک و نە دوو جار و هەتا دە جاریش ئەو پرسیارەی لەسەر منداڵ لەبەرچوون دەکرد، بەڵام پرسیارەکەی بەدەربڕین و بەشێوازی ترەوە ئاراستەی دەکردمەوە. بۆ نموونە لە منی دەپرسی رات چییە ئەگەر کیژێک دەستدرێژی بکرێتە سەر و سکی پڕ بکرێت و بیەوێت سکەکەی لەبار ببات...؟ بۆ دووەم جار وەڵامم دایەوە کەوا من ئامۆژگاری ئەو جۆرە کیژانە دەکەم کۆرپەکە بپارێزێت، بەڵام مەبەستی ئەوەم نییە ئەوەی منداڵ لەبار دەبات سزا بدرێت. کاتی کە وەڵامەکانی منی بڵاو دەکردەوە بەشێکی وەڵامەکانی دەقرتاند، کە من وتبووم من هاوشانی ئەو ژنانەم کە دەکەونە بارێکی زەحمەت و تەنگاوی.

## کات بەفیڕۆدان

(کاتی) لەسەر ئەو مەسەلەیە وازی نەدەهێنا و سێ چوار جار پرسیارەکەی دەوروژاند، بۆیەش ماوەیەکی باش لە چاوی میدیاکان دوورکەوتمەوە،. لەبەر دابەزینی ئاستی ئەو بوارە و مامەڵەکردنە ناسروشتییەکانی لەگەڵ من و لەگەڵ ماکین و جەماوەرە دەنگدەرەکەمان هەستم بەبێزاری و نارەحەتی دەکرد، بۆیەش ئەو بنەماکانی کارکردنی زۆر گۆڕیبوو. یەکێک لە بەرپرسانی

هەڵمەتەکان وتبووی کەوا کاتی لە دیمانەکەی لەگەڵ مندا لەودەمانە زۆر نەرم بووە بەراورد بەدیمانەکەی لەگەڵ "جۆن بایدن"، بۆیەش کاتی بەنیاز نییە لەو دیمانەیە بەردەوام بێت یان کارێکی لەو جۆرە بکات، ئەو وەڵامەکانی بایدنی بەدڵ نەبووە، چونکە وەڵامەکانی بەناتەواو زانیوە و وتبووی ئەوانەم ناچێتە عەقڵەوە، ئەگەرچی بواریشم بەو دابوو تانە لە سیاسەتی ئابووری بۆش بدات.

ئەگەرچی من لە دیمانەکەی کاتی زۆر دڵشکاو بووبووم، کەوا بەئارەزووی خۆی دەستبژێری لە ناو دیمانەکە دەکرد، لەبەر ئەوە نییە من لەو دیمانانە بێزارم، من وا دەزانم ئەو جۆرە دیمانەیە تەنیا کات بەفیرۆدانە، باشتربوو من خۆم بەچالاکییەکی تر خەریک بکەم کە سوودی هەبێت. پاش ماوەیەکی کەم لەو پێشهاتە گوێم لە لێدوانێکی "کاتی" بوو، ئەو شتێکی فێر کردم دەبوایە من بیزانم، دەبوایە ستافی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەمان هەستی پێ بکات، کاتی لە یانەی رۆژنامەگەریی نەتەوەیی لەسەر رەوشە نیشتمانییەکان کە لە ناو وڵاتدا پاش هێرشەکانی یازدەی سیپتەمبەری هاتوونەتە پێشەوە و پەیدابوون قسەی کردووە، ئەو لەبەرکردن و پۆشینی ئاڵای ئەمەریکاییشی رەخنە کردووە، هەر لەوێ بە راناوی "ئێمە" لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان قسەی کردووە و شەڕەکەی ئەمەریکای لە عێراق شەرمەزار کردووە.

کە من خۆم بۆ یەکەمین رووبەڕووبونەوەی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ کاندیدی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە حزبی دیموکراسی "جۆن بایدن" ساز دەکرد، هەموو دەزگاکانی راگەیاندن لە واشنتۆن و لە نیویۆرک پێشەکی شکانی منیان بەدژواریش باس دەکرد، لەودەمانەدا گوێم لێ بوو کەوا شمیدس و ئیدارەی هەڵمەتەکەمان ناڕازی بوون لەوەی کەوا "گوین ئیڤل" بۆ بەڕێوەبردنی رووبەڕووبونەوەکە دەستنیشان کراوە، بەپێی راپۆرتەکان، ئیڤل ئەو ژنە پەیامنێرەی پێشووی نیویۆرک تایمز وەک پشتیوانیکردن ئامادەسازی دەکات کتێبێک لەسەر ئۆمابا دەربکات، بەڵام من بەو بۆچوونانە نیگەران نەبووم، چونکە من دیمانەی بایدن دەکەم نەک ئیڤل، ئەگەر دەرکەوت ئەو پشتیوانی و لایەنگیری لە بایدن دەکات خەڵکەکە و بینەرەکان زوو هەست بەوە دەکەن و

مەسەلەکە ئاشکرا دەبێت، دوایی نەدەبووایە بەرپرسانی هەڵمەتەکەمان خۆیان بەو مەسەلانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوانە سەرقاڵ بکەن.

## وەڵامە عموومییەکان

کە مەسەلەکە گەیشتە سەر پرسیارەکانی رووبەڕووبوونەوەکان، بەرپرسانی هەڵمەتەکە وتیان وا باشە وەڵامەکانی تۆ عموومی بن، من پرسیم باشە لە وەڵامی پرسیاری چۆن شەڕەکەی ئەفغانستان دەبەینەوە، چ بڵێم...؟ یەکێکیان وتی:

مەرج نییە و پێویست ناکات تۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە، ئەوەیان مەسەلەیەکی سیاسییە، وا باشە تۆ خۆت نەخەیتە ناو ئەو گێژاوە. ئەوان دەیانویست وەڵامەکانم شێوەیەک بێت لە وەڵام نەدانەوە، ئەوان چەند بژاریان لە پێشمدا ریز کردبوو، بۆیەش نەمدەزانی کامیان هەڵبژێرم، بەڵام پێم وتن باشترین وەڵام و بژار ئەوەیە کەوا من وەڵامی فیعلی بدەمەوە، سەبارەت بە ئەفغانستان بۆ نموونە من بڵێم:

بەڵێ، دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە مەسەلەی پاراستنی ئاسایشی دەولی، دەبێ رۆڵی سەرکردایەتی و پێشڕەوی بگێڕێت، دەبێ ئێمە بۆ خێر و گەشەداری هەموو بەشەرییەت کار بکەین، دەبێ ئێمە سەرچاوە و هێزەکان و پێداویستییەکانمان گەشەدارتر بکەین، ئەگەرنا دەبێ لە پێشەنگی هێزی یەکەمی دنیا داوای لێبووردن بکەین.

من وا تێگەیشتووم کەوا ژمارەیەکی کەم لە سیاسەتمەداران هەموو پرسیارەکان بە قەناعەت و بەڕاستگۆییەوە وەڵام دەدەنەوە، هەموویان گەمە بەڕازیکردنی جەماوەرەکە دەکەن. من دەمویست وەڵامەکانم بۆنی ئەوەی لێ بێت من کێم، وەڵامەکانم بەقەناعەتی خۆمەوە بێت، ئەوەش ئارامی پێم دەبەخشی، ئەوەش ماندووم ناکات، بیر لە وەڵامەکان بکەمەوە و بزانم کام وەڵام بۆ کام پرسیارە، تا نەکەومە ناو رەوشێکی دژبەیەک، دیارە ئەوەش دەبێتە جێگەی دڵخۆشی رۆژنامەنووسەکان کە من بۆچوونەکانی خۆم زۆر

راشکاوانە و بەڕاستگۆییەوە بڵێم، لە قسەکانمدا هیچ پێچ و پەنایەکی تێدا نەبێت. بەڵام بۆم روون دەبێتەوە کەوا هەڵمەتەکەمان لەسەر بنەمای گوێگرتن لە پرسیارەکان ستراتیجیەتییان داناوە، پاشان دەکرێ لە وەڵامدانەوەکاندا بسوورێتەوە و دوور بکەوێتەوە، بەڵام هەندێ لە ئەندامانی ستافەکەمان بەو جۆرە وەڵامە و بەدوورکەوتنەوە لە راستی وەڵامەکان ناڕەحەت بوون، وەک چۆن من وەڵامی پرسیارێکم داوەتەوە، بۆیە کە (مارک) منی بینی، هاواری کردبووە سەرم و وتی:

هەڵەیە، ئەوە هەڵەیە بەڕێز ژنە حاکمەکە! منیش وەڵامم دایەوە و وتم:

هەڵەکە لەچدایە...؟ دەتەوێ من چ بڵێم...؟ دیارە هەموو ئەندامانی ستافەکە لەسەر هەموو پرەنسیپەکان کۆک نەبوون، کۆک نەبوون لەسەرئەوەی وەڵامەکانمان چ بێت، ئێمە چ ببێژین.

## ناکۆکییەکان

من وام دەزانی ئەو جۆرە کارنامەیە بەو شێوازە سەرکەوتوو نییە، بەڵام بەدەربڕین ئەو قسەیەم نەکردووە، لە ناو جەمسەری کۆمارییەکان لەسەر شێوازی پێشنیارەکانی بەرپرسانی هەڵمەتەکە لەگەڵ میدیا و دەزگاکانی راگەیاندن ناکۆکی هەبوو، بۆچوونی دژبەیەک هەبوون. من پێویستم بەوە نەبوو بۆ وەڵامی پرسیارەکان چەند بژارێک و چەند ئەگەرم لە پێشدا بێت، ئەوەی دەمویست و پێویستم پێ بوو، دەبوایە بزانم جۆن ماکین لەسەر هەر کێشە و پێشهاتەکان چۆن بیر دەکاتەوە، تا وەڵامەکانم ببێتە پشتیوانی هەڵوێستەکانی سیناتۆر ماکین و بۆچوونەکانمان لەیەک هاوتەریب بن. دەبووایە یەکێک ئەوە بە شمیدس رابگەیەنێت کەوا مەسەلەکە باش بەڕێوە ناچێت بۆ سازکارییەکانی رووبەڕووبونەوەکەمان لەگەڵ بایدن، بۆیە بەرپرسی هەڵمەتەکە ماکین کە ناوی (ریک دفیس) بوو لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی منیش شمیدس لەگەڵ مندا دابنیشن، لەوەدا هەستم کرد مووچڕکێک بەناو دەمارەکانمدا دەڕوات کە شمیدس سەیرێکی منی کرد و وتی:

ئێمە وەک ئۆمابا ئەوەندە پارەمان نییە، بۆیەش ژمارەکان دڵخۆشکەر نین، دەبێ ئێمە رەوشەکە بگۆڕین. منیش وتم دەزانم، منیش هەستم بەوە کردووە، بۆیەش چاوەڕوانم ستراتیجییەکی نوێ پێشنیاز بکرێت، بەڵام دووبارە وتیان هەڵمەتەکەم کەموکوڕی هەیە، فلانە شتمان دەوێت، فلانە شتمان نییە، بۆیە من رۆژێکیان سەردانی ئەو سەرکردایەتییە شاراوەم لە واشنتۆن کرد، لەوێ دیمانەی چەند کەسێکی خۆبەختکەری زۆر بەتوانام کرد، ئەوانەی بەردەوام و هەموو کاتەکان لە هەڵمەتی حزبی کۆماری کارکەر بوون. لەو سەردانەم بۆ بنکەکە بۆم نەکرا دیمانە لەگەڵ بازنەی ناوەوەی ئەو سەرکردایەتییە بکەم، بۆیەش لەگەڵ خۆمان ورتەورتێکمان کرد و وتمان رەنگە ئەو سەرکردایەتییە لە ئەساسدا هەر بوونی نەبێت.!

کە لە هوتێل (جوزیف لیبرمان) لە فیلادلفیا سەردانی کردین، لەوێ هەستم بەترووسکاییەکی رووناکی کرد، ئەو هانی زۆری داین و هاوکاری نیشان داین، کە (کریس بیری) لەگەڵدا بوو، سیناتۆرەکە لە ژووری هوتێلەکە لە تەنیشت من دانیشت، بەنەرمی وتی:

تۆ کەسایەتی خۆت هەبێت، بوار مەدە کەس بتگۆڕێت، بوار مەدە ئەوەی ئەوانی تر دەخوازن لەسەرت بکەنە ماڵ، دەبێ تۆ خۆت چۆن بیر دەکەیتەوە و چۆن دەخوازی ئاوا کارکەر بیت وابکەیت. من و کریس بەیەکەوە پێکەنینمان هات، لیبرمان لەو دیمانەیەدا چەند ئامۆژگاری تری کردین، وەک ئەوەی با بڕوا بەخوا بکەین و پشتیوانیش لەو بخوازین، دروشمەکەی ماکینی دووبارە دەکردەوە کە دەڵێت:

خۆشی لە ژیان وەرگرە.

لە قسەکانی لیبرمان راستگۆیی و بەرائەت و قووڵیم تێدا دەبینی، ئەو دیمانەمان سیناتۆرێکی دیموکراسیم بەبیر هاتەوە کە لە حزبەکەیان جیا دەبێتەوە و وەک کەسێکی سەربەخۆ خۆی رادەگەیەنێت. ستافی هەڵمەتەکەمان بریتی بوو لە دەستەیەک لە کەسانی شارەزا و پیشەکار کە کارەکانیان بەڕێوە دەبرد و دەیانویست هەموو هەنگاوەکانیش بەدەستی ئەوان

بێت، خۆیان راستەوخۆ کارەکان بکەن، منیش وەک ئاڵەتێک لە بن دەستیان بم، بۆیەش کارەکانی من و خۆدۆزینەوەم ئاسان نەبوو. راندی شیونمان پسپۆر لە کاروباری سەرپەرشتی و کارسازی دیمانەکەی منی لەگەڵ بایدن دەکرد کە بڕیاربوو بەیەکەوە لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا رووبەڕوو ببینەوە، کە سەردانی نەتەوە یەکگرتووەکانم کردبوو راندی هاوشانم بوو، هەروەها لە دیمانەکانی هەریەک لە هنری کیسنجەر و سەرۆکی پاکستان و ئەفغانستان و هیند و سەرۆک کلینتۆن و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرێس ئەو هاوشانم بوو. ئەوەی شایانەی باسە کەوا لە رۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا هیلاری کلینتۆن لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە لە ماوەی کاندیدکردنی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکی بیل کلینتۆن زۆریان سەخڵەت کردبوو، زۆریش بێزاریان دەکرد وەک هاوسەری کاندیدی سەرۆک، بەڵام میشیل ئۆباما کە هاوسەرەکەی کاندیدی هەمان پۆست بووە لەلایەن حزبی دیموکراسییەوە ئەو زۆر بەسەلامەت و بەڕەحەتی لەو پرۆسەیەدا رزگاری بووە و دەزگاکانی راگەیاندن هەراسانیان نەکردووە، بەوەش ئەو بەختیار بووە.

من لە زۆر لایەن و بۆچوون هاوبیری هیلاری کلینتۆن نیم، بەڵام سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی لە رۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڕووی ئۆباما من کاسکێتەکەمی بەڕێزەوە بۆ دادەگرم، زۆر لە شارەزایان دەبێژێت کەوا ئەو لەبەر رۆشنایی قسەیەکی مارگرێت تاتشر کاری کردووە کە وتبووی:

ئەگەر ویستت لەسەر هەر شتێک پرسیارێکت هەبوو، ئەوە بڕۆ لای پیاوێک بەڵام ئەگەر ویستت بزانیت چ بەرهەم هاتووە و دەسکەوتەکان چین، بڕۆ لە ژنێک پرسیار بکە.

## ئوبایدن

کە لەگەڵ راندی قسەمان لەسەر شێوە و بەرنامەی رووبەڕووبونەوەکەمان لەگەڵ بایدن دەکرد، ئەو لەوە هوشیاری کردمەوە کەوا کارەکە زەحمەتە کە تۆ رووبەڕووی پیاوێک دەبیتەوە ئەزموونی زۆرتر لە سی ساڵ خەباتی بواری

سیاسی و دیالۆگدا هەیە، هەروەها ئەو وتی من ڕێزی هەڵوێستەکانی ئەو لە کاروباری دەرەوە دەگرم، تەنیا ئەوە نەبێت کەوا پێشنیازێکی نامۆ و سەیری کردبوو بۆ دابەشکردنی وڵاتی عێراق.!

من ڕێزم لە ئەزمـــوونە درێژەکـــەی بایدن هـەبوو، ئەگـــەرچی ئـەو لەگـــەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرێس لە ساڵانی حەفتاکاندا ڕازی نەبوون لەسەر ڕاکێشانی بۆرییەکانی ئالاسکا کە ئەوەی پاشان بووە شادەماری ژیانی ویلایەتەکە و لە ناو ئەمەریکاییەکاندا هەزارەها بواری کاری پەیدا کرد، لەو چەند ساڵەی ڕابردووش من بەردەوام گوێم لە دیالۆگەکانی سەبارەت بە وزە دەگرت، دیاربوو کەوا ئەو لەسەر هەمان هەڵوێستەکانی جارانی مابوو.!

لەو کاتەی ڕاهێنانم لە شێوەی بەرنامە تەلەڤزیۆنەکە لەگەڵ بایدن دەکرد، یەک هەڵەم کـــرد ئەویش نـاوی ســـیناتۆر بایدنم بـە "ئوبـایدن" دەربڕی، کـــە لێکدراوی ناوی ئۆبـامـا و بـایدنی دەگـەیاند. پاش ئەوەی هەڵەکـەم کـرد. ئەو هەڵەیە لەلایەن سـازکـاری ناوداری بەرنامـــەی "جـای لینۆ شـۆ" جـۆن لینو قۆزرایەوە و دەسـتـەواژەکەی بـەکار دەهێنا، بۆیەش بەرپرسی هەڵمـەتەکـەم هوشیاری کردمەوە تا ئەو هەڵەیە دووبارە نەبێتەوە وا باشە لەجیاتی بایدن وشـەی "جـو" بەکار بهێنە، چونکە ئەگەر ئەوە لە کاتی دیمانەکەدا دووبارە بکەیتەوە تووشی کارەساتمان دەکەیت. منیش وتم ناکرێ من بەو ناوەو بە "جـو" ناوی ببـەم، چونکە ئەو سـیاسـەتمەدارێکی دێرینە، لەو کـاتـەی ئەو لە کۆنگرێسدا بووە من تەمەنم تەنیا نۆ ساڵ بووە، ناکرێ بەبێ ڕەزامەندی و پرسی خۆی من بەناوی یەکەمیەوە بانگی بکەم، بۆیەش ڕاندی وتی:

دە باشـە کە دەستی دەکوشیت و پێش دیمانەکە دەتوانی مۆڵەتی ئەوەی لێ وەربگریت، بەوەش کەس ناڕەزایی و گلەیی نابێت.

لە کـۆتایی بڕیار درا وا بکەین، ئەویش ڕازی بوو من لە جـیـاتی بایدن بە جوو لە کاتی دیمانەکە ناوی ببەم. کەشی دیمانەکە شڵەژاوبوو، دانیشتنی یەکەممان نەوەد دەقەی بێ ڕاوەستانی خایاند، زۆریش هەستم بەشێوان و شپرزەیی دەکرد تا ئەودەمـانەی مۆبایلەکـەم زەنگی لێ دا و کە سـەیرم کرد

"تریک"ی کوڕمە و لە عێراقەوە پێوەندیی دەکرد، من لە تەلەفۆنەکەوە بەتریکم وت من وا لەگەڵ بایدن لە دیمانەیەکی ڕووبەڕووم، دیارە ئەو دەیزانی ئەوە لە ئارادایە، بۆیە وتی:

باشت خوێندووە...؟ منیش بەپێکەنینەوە وتم بەڵێ. لە وەڵامدا ئەو وتی:

من بۆ تۆ نوێژ دەکەم، من دڵنیام تۆ بەڕووی بەڵایەکی خێرداری، خۆشتم دەوێت.

تەلەفۆنەکەم لەگەڵ تریکی کوڕم داخست، بەوەش تۆزێک ئارام بوومەوە، کە کوڕەکەم سەلامەتە و ژیانیش جوانە و بەرئەنجامی دیمانەکە چ دەبێ با ببێت.

## پشتیوانیی ئیسرائیل

دیمانەکەمان لە زانکۆی واشنتۆن بوو، بەرەو ئەوێندەرێ بەرێ کەوتین، لەوێ دەیان کەسمان ناسی، لەوانە کەسانی هونەرکار و ئیدارییەکان، وەک بەڕێوەبەری ئەو شانۆیەی کە تێدا دیمانەکەی لەسەر ساز دەکرێت، هەروەها لەوێ بەڕێوەبەری وێنەگر و بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان و... بینی.

ستافەکەی من دوا رتووشیان بۆ دیمانە کرد، لەوانە تێبینییەکان و بایەخدان بەپۆشاک و قژداهێنان و مکیاج و دڵنیابوون لە ئامادەیی تا وردترین وردەکارییەکانەوە. من مەبەستم بوو جەخت لەسەر بەرنامەکانی گەشەی ئابووری و پارێزگاریکردنی بنچینەکانی بازاڕی ئازاد بکەم، تا ئیعتماد لەسەر پشتیوانی و پرۆژەکانی فریاکەوتنی حکوومەت نەکەن، هەروەها مەبەستم بوو جەخت لەسەر پەیامی هێزی سەربازی ئەمەریکا بکەم و پێویستە هاوکار و پشتیوانی هاوپەیمانەکانمان بین لەوانە ئیسرائیل بەتایبەتی.

کریس ئیشارەتی ئەوەی کرد کەوا رۆژنامەنووسەکان و یاوەرەکانیان و ئەوانی تر لە ژوورە کەسکەکە دوور بخەنەوە، تا دەمێک ئارام بم، من شڵەژابووم، بەڵام بەردەوام پەنام دەبردە بەر نوێژی روح تا نیگەرانی و

شڵەژانەکەم هێور ببێتەوە، هەستم دەکرد "بایبر"ی کیژم ورە و سەرچاوەی ئیلهامەکەم بوو، ئەو هانی دەدام، لە خواش پاڕایمەوە لەو دیمانە سەربکەوم و بە دیالۆگەکانم بتوانم سەرنجی هاووڵاتییان رابکێشم تا دەنگ بەجۆن ماکین بدەن، دوا قسەشم کە بە ستافەکە و بە کیژەکەم وت ئەوە بوو:

نوێژ بکەن تا ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ببمەوە.

گەیشتمە سەر سەکۆیەکە، لە شوێنە تایبەتییەکەم راوەستام، من پێش بایدن گەیشتم، من بیرم لەوە کردەوە بۆیە ئەو پاش من سەردەکەوێت ئەوەش ستراتیجیەتێکە بۆ لێدان لە نەیارەکە و بردنەوەی ململانێیەکە، ئەوەش کاریگەریی دەبێت. لە کۆتاییدا بایدن بە باڵا بەرزەکەی و رووکارە تەژییەکەی لە بڕوا و بەدلە رەنگ تۆخەکەی دەرکەوت، من پێشتر ئەوم نەدیبوو، ویستم رووێکی شیرین و نەرمی نیشان بدەم، بەڵام ئەو مەبەستی نەبوو هەر سەیریشم بکات، ئەو لە پشت منەوە سەیری خەڵکەکەی دەکرد، کە وتیان رووبەڕووبوونەوەکە دەستی پێ کرد من بۆ دەستکوشینی ئەو هەنگاوم نا، لەودەمانە وتم حەز دەکەم بەناوی جو ناوت ببەم، ئەو بەناوهێنانەکە رازی بوو، باش بوو ئەوەمان سەری گرت.

پاش دیمانەکە خێزانی من و خێزانەکەی ئەو هاتنە سەر شانۆکە، بەیەکەوە دیالۆگێکی دۆستانەمان ساز کرد، بوار سازبوو هاوسەرەکەی و ئەندامەکانی تری خێزانەکەی ئەوم ناسی، بەڕاستی کەسانی شیاو بوون.

بەشی پێنجەم

# من تۆقەم لەگەڵ ئۆلیڤرستۆنی هەڤاڵی هۆگۆ شافیز نەکرد

کە لە واشنتۆن بووم من لە گەرماو بووم کە"بیکسی" لە دەرگەکەی دا و وتی "ریک وارن" لەسەر هێڵی تەلەفۆنە و زۆریش سووره لەسەر ئەوەی قسەت لەگەڵدا بکات، لە ناو گەرماوەکە تەلەفۆنەکەم لەو وەرگرت، بەڵام زووتر دووشی گەرماوەکەم گرتەوە نەوەک ئەو هەست بکات من خۆم دەشۆم، نووسەرە بەناوبانگەکە لە ئاخاوتنەکەیدا زۆر هانی دام، پشتیوانی خۆی پێ ڕاگەیاندم، وارن بەتەنیا نەبوو، ئەو و زۆر لە نووسەرەکان و دایکەکان و گەنجەکان پاڵەوانی راستەقینەی هەڵمەتەکەمان بوون، ئەوانەی کە نامە و پەیامەکانیان بۆ مناڵەکانیان دەنارد، هەموویان بۆ ئێمە پشتیوانی و هاوکاری بوون، وزەی زۆرمان لەوانە وەردەگرت، تا ئیمڕۆ من و هاوسەرەکەم پێوەندیمان لەگەڵ ئەو کەسانە هەر ماوە و لەگەڵ ئەو خێزانانەی لەو رۆژانەدا هاوکارمان بوون دۆستایەتیمان گەرمە.

سێ رۆژ پێش ڕووبەڕووبوونەوەکەی نێوان ماکین و ئۆباما، کە ئۆباما لە شاری هولندا لەویلایەتی ئوهایو هەڵوەستەیەک دەکات، لەوێ پیاوێک بەناوی "جو ورزباشر" لە ئۆباما دەپرسێت:

من بەرنامەم هەیە کۆمپانیایەک بکڕم کە قازانجەکانی ساڵانە بگاتە ٢٥٠ تا ٢٨٠ هەزار دۆلار، ئایا تۆ بەرنامەت وایە باج لەسەر منیش زۆر بکەیت...؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئۆباما بەکورتی وتبووی:

بەڵێ، من وا دەزانم دابەشکردنی زۆرترین سامان بەسەر زۆرترین کەس، لە بەرژەوەندیی هەموو کەسێکدایە.

لەو دەمانە وێنەگری کەناڵی ئای بی سی، ئاخاوتنەکەی تۆمار کردبوو. بۆیە بەیانییەکەی دیاردەی "جوی تەنەکەچی" پەیدا بوو.

## پرۆژەیەکی ئیشتراکی

ستافی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەمان تێگەیشتن کەوا کەسایەتی "جۆ" نوێنەری چینی کرێکارانە لە ئەمەریکا کە کارکەرن تا گوزەرانی خۆیان باش بکەن، هاوشانی ئەوەش ئەوان کارکەرن تا رەوشی ئابووریش ببووژێتەوە، بۆیە ناکرێ بەزیادکردنی باجی سەریان سزایان بدرێت. پاش سێ رۆژ لەو رووداوە ڕووبەڕووبوونەوەکە سازبوو، هەردوو کاندیدی سەرۆکایەتی باسی جۆی تەنەکەچییان کرد، ئەو بووە نوێنەری کرێکاری ئەمەریکایی لەو دیمانەیەدا، بۆیەش هەستمان دەکرد لێرە و لەوێ "رای مامۆستا" و "جوسی سەرتاش" و "بیگی سستەر" و "پوپی پۆلیس" و ... دروست بوون، هەندێک کەس لەسەر جۆی تەنەکەچییان نووسی، کە لە میدیاکانەوە بایەخ بەوەڵامەکەی جۆی تەنەکەچی بۆ ئۆباما نەدرا، کەوا بیرۆکەی «بیرکردنەوە لە دابەشکردنی سامان وەک پرۆژەیەکی ئیشتراکی دەکەوێتەوە» خەڵکەکە بەوە نیگەران بوون. دەزگاکانی راگەیاندن دەستیان بەوە کرد باس لەوە بکەن کەوا ئۆباما پێوەندیی لەگەڵ هەندێک خەڵک هەیە جێگەی گومان و مەترسییە، لەوانە "بیل ئایرز" ئەو خوێندکارە رادیکالەی کە لە ساڵی ١٩٧٠ دەستی هەبوو لە تەقینەوەی بنکەی پۆلیسی نیویۆرک و تەقینەوەکەی کۆنگرێس لە ساڵی ١٩٧١و بنتاگۆن لە ساڵی ١٩٧٢، ئەو کە ناودارترین بەشی بیرەوەرییەکانی بەناوی "رۆژانی دەربەدەرییم"ی لە ساڵی ٢٠٠١ بڵاو دەکاتەوە، بەڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز رادەگەیەنێت و دەڵێت:

من لەوەی بەشداریم لەو تەقینەوانە کردووە پەشیمان نیم، بگرە وا دەزانم دەبوایە زۆرتر کاری لەو جۆرە بکەم.

کە دیمانەکە لە بەیانییەکەی کارە تیرۆریستییەکەی یازدەی سیپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بڵاو کرایەوە دەنگی زۆر دایەوە و لە هەموو لایەک باسیان دەکرد. کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان هەواڵێکی بەپەلەیان بڵاو کردەوە کەوا کاندیدی حزبی دیموکراسی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار دۆستایەتی لەگەڵ ئەو تیرۆریستەدا

هەیە کـە لەو کـارانەی کـردوویەتی پەشـیـمـانیش نیـیـە، کـە من باسـی ئەو مەسـەلەیەم کرد، چەپەکان منیان بەوە تـاوانبار کرد کەوا من لەگەڵ گوتارێکی نزم و سـووکدام، ئەگـەرچی ئەو تاوانـبارکـردنەش لەلایەن ئیـدارەی هەڵمـەتی کـۆمـارییـەکـان بـوو، نەک لەلایـەن کـاندیدێک وەک من. هەندێک لە ئەندامی سـتـافی هەڵمـەتەکـەمـان پێـشنیـازیان کـرد دە رۆژ پێش هەڵبـژاردنەکـە لە فـیرجـینیـا کۆبوونەوەیـەک لەگەڵ پیشـەوەرەکانی وەک جـوی تەنەکـەچی بکەین، لەوێ سـیـاسـەتی بـاج وەرگـرتنی جـۆن مـاکـینی کـاندیدمـان بۆ سـەرۆکـایەتی ئەمەریکا شـرۆڤە بکەین، کە هـاوکار و پشـتیوانی ئەو پیشەوەرانەیە کە کـارگە و بەرژەوەندیی گچکەیان هەیە.

## سریالییەت

تینا فـای بۆ گاڵتـەکردن بە من لاسـایی دەکـردمەوە، منیش بەسـتافی هەڵمـەتی هەڵبـژاردنەکـەم وتبـوو، پێش ئەوەی ئـەو خـۆی وەک مـن لێ بکـات، من وەک جلەکـانی ئەو خـۆم دەگـۆڕی، کـە ئەو لاسـایی منی دەکـردەوە وەک شـتـێکی سـریالی ئـەوەم دەهـاتـە پێش چـاو. من لە سـالانی هـەرزەکـاریمدا حـەزم لە بەرنـامـەی "سـاتوردی نـایت لایڤ" دەکـرد، بۆیەش بیـرم لەوە دەکـردەوە لەگـەڵ جـۆن ماکین لەو بەرنـامـەیەدا بەیەکەوە دەربچین. تینا لەسـەر زاری من وتـبووی «من رووسـیا لە نـاو مـاڵەکەی خۆمـدا دەبینم»، من هـەرگـیـز ئەو قسـەیەم لە زار دەرنەچووە، بۆیەش ژمـارەیەک لە هـاووڵاتـیـیـانـی ئالاسـکا وێـنەی خـۆیان کـە لەسـەر کـەناری دەریا گرتبوویان، بۆمان رەوانـە دەکرد کە تێدا وشـەی رووسـیا لەسـەر سـینگـیـان نووسـیـبـوو، مـەبەسـتـیـان بوو گـوایە رەنگە من بتـوانم بەمەلەوانی لە ئالاسکاوە بگەمە رووسیا!

من و تیمی هەڵمەتەکە بڕیارمان دا نمایشێک بۆ بەرپەرچدانەوەی کارەکانی تینا لەسەر شانۆی نیویۆرک بکەین، ئەوەش گونجاوترین شێوە بوو کە بتوانین بەرگـری لە خـۆمـان بکەین. دەقـێکی شـانۆییـمـان سـاز کـرد، مـن رۆڵی رۆژنامـەنووس تینام دەبینی، لۆرینیش رۆڵی تینای دەبینی، لەوێ من چەند

پرسیاری سووک و بێ ماناو ناگونجاو دەکەم. لە کاتی نمایشەکە خەڵکێکی زۆر ئامادە بوون، لەوانە کەسایەتی ناوداری بواری هونەر وەک جۆش برولین و مارک ئالبیرگ و گۆرانیبێژ ئایدلی و دەرهێنەر ئولیڤرستون هاوپەیمانی دیکتاتۆری شیوعی هیوگر شافیز ئەوەی لە وتارێکدا لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ سەرۆکی ئەمەریکی بە شەیتانێکی راستەقینە وەسف کردبوو، لەو شەوەدا من رازی نەبووم سڵاو لە "ستون" بکەم و دەستی بکوشم.

بەپێی ئەو راپۆرتانەی بڵاوکرانەوە گوایە لە هەڵمەتەکەی هەڵبژاردنی ماکین ١٥٠ هەزار دۆلار لە نیویۆرک بۆ سارا پالین و بنەماڵەکەی بەجلوبەرگ و ئیکسسوار دراوە، ئەوەش لەبوتیگی "ر ئێن سی شێلس" لە نیویۆرک کڕاون، بەڵام ئەو قسانە هیچ راست نەبوون، من هەرگیز داوام لە بەڕێوەبەرانی هەڵمەتەکە نەکردووە جلم بۆ بکڕن، ئەوەی کڕیبوویان من لەبەرم نەکردن، ئەوانەی کڕابوون بۆ کەسانی تر بووە نەک بۆ من، بۆیەش زۆر لە جلەکانیان گەڕاندەوە هەمان بوتیگ، لە زۆر لایەنی تریش لەوانە لە نووسەرانی رۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمز و لە "کاتی" و کەسانی ترەوە قسە لەسەر ئەوە دەکرا کەوا من پارەی زۆرم بۆ پۆشاک لە رۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە لێ سەرف کراوە.

***

هێزی راکێشانی سێکسیمن زۆر بایەخم بەو راپۆرتانە نەدەدا، چونکە دەمزانی هەموویان درۆن، ئەوانەی منیان دەناسی بەو بوختانانە پێکەنینیان دەهات، ئەوان وایان نیشان دەدا گوایە من و خێزانەکەم زۆر بێبەش و مەغدوورین، بۆیە هەر گەیشتووینەتە شارەکە راست و چەپ خەریکی کڕینی جلە نایابەکانین، پارە زۆر سەرف دەکەین، بۆیەش دۆست و ناسیارەکانم بەو پڕوپاگەندانە زۆر سەخڵەت دەبوون. راستە ئێمە رەوشی ماڵەوەمان سادە بووە و لە بوتیگە گەورە و گرانبەهاکان کەلوپەلمان نەکڕیوە، ئێمە لەو خێزانانە نین لە ماڵەوە بەردەست و خزمەتکارمان بەدەوامی تەواوەوە هەبووبێت، یان

شـوفـێـری تایبـەتـیمـان هـەبێت، ئێـمـە لەو جـۆرە کـەسـانە نەبـووین، بەڵام بەو شـێوەیەش نیـشـانمان بدەن کەوا پـارەی زۆر بەپۆشـاک دەدەین، ئەوەیان زۆر دوور بوو لە راستییەکان، خەڵکی وا هـەبوون پێیان سەیر بوو بۆ ئەوەندە بایەخ بەو مـــەســـەلە هـیـــچـــوپووچانە دەدەن، بۆ دەچنە ناو وردەکـــارییـــەکـــانی خێزانەکـەمـان، لەولاشەوە کـەسیش باسی کاندیدەکانی تریان نەدەکرد، ناوی خـێــزانەکــانیــان نەدەهێنان کــە چۆن پارەی کــۆکــراوەی باجــدەرەکــان و دەنگدەرەکان بەخۆڕایی سەرف دەکەن...؟

ئیلیزابێت هاسیلبیکی ئامادەکاری بەرنامەیەک بوو، ئەو بیرۆکەیەکی تری هەبوو، ئەو لە کـۆتایی مـانگی ئۆکـتـۆبەر لە سـەفـەرێکمـان بۆ فلۆریدا لە ناو پاسەکەدا لەگەڵمان دابوو، من لە کۆنگرەی نەتەوەیی حزبی کۆماری بۆ یەکەم جار ئەوم بینیبوو، کە قسەمـان بەیەکەوە کرد دەرچوو ئەو هاوڕێی برادەرێکی منیشـە، ئەو لە کۆبوونەوەیەکی هەڵبـژاردندا لە شاری تامبـاش لەگەڵم بوو، ئەو کۆبوونەوەیە راستـەوخۆ پاش ئەوە بـوو کە قسـە و راپۆرتیان لەسـەر مـەسرەفی جلوبەرگەکانی منیان بڵاو دەکردەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئیلیزابێت وتی:

ئەوەی لەو رۆژانە لەو جیهانە روو دەدەن ئەوەیان شـتێکی سەیر و نامۆیە کە قسـەی لەسـەر دەکەن، بـەڵام بوارم بدەن من قسـەیەک بکەم، ئەوانە پـێوەندی بەهێـزی راکێشـانی سـێکسـی سارا پالینەوە هـەیە، هەمـوو ئامـادەبووان بەو قسەیە سـەرسـام بوون، ئەو بەڕووێکی خۆش و بـەگاڵتـەوە وتی، ئەوەی من زۆر بەپۆشـاکانی سـارا سـەرسـامم ئەو دەنبـووسـەیە کـە ئاڵای ئەمـەریکا و ئاڵای سوپای ئەمەریکا شینەکە کە بۆ پشتیوانی کوڕە سەربازەکەیەتی، باسی ئەو دوو دەنبـووسـە ناکـەن، بەڵام ئەوانەی قـسـەیان لـەسـەر گـرانـی نرخـەکـانی پۆشـاکـەکـانی ئەو هـەبووە، باسـی ئەو ئەکسـسـوارەیان نەکردووە ئەوەش دیارە بۆ، بەسادەییەوە دەڵێم چونکە بەخۆڕایین. ئەوەیان قسـەکانی ئیلیزابێت بوون. ئەوەی جـێگەی سـەرسـامـی بوون ئەو چاکێـتـەی من لە کـۆبوونەوەکـەی تامـبـا لەبەرم کـردبوو پێش چەند مانگێک لـە هەڵمەتە هەڵبـژاردنەکە بەپارەی تایبـەتی

خۆمەوە کرابوو. من رۆژی پێشتر پانتۆڵێکی جینزم لەبەردابوو کە لەلایەن هاوولاتییەکی شاری وسیلەی ویلایەتی ئالاسکاوە دیزاینی کرابوو، کە بووبووە یەکێک لە دیزاینەرە گەورەکانی پۆشاک لە لۆس ئەنجلس. من لەو ماوەی هەڵمەتەکەدا زۆر شۆخیم بەجلەکانمەوە دەهات، بەڵام کە رۆژیکیان تشارلی گبیسۆن لە مانگی سپتەمبەر بۆ دیمانەم هاتبوو دەستەی سازکەری بەرنامەکە مەتبەخەکەیان کردبوومە ستۆدیۆ، منیش نیکۆلم بردە ژووری تایبەتی خۆم تا جلەکانی نیشان بدەم تا یەکێکیانم بۆ لەبەرکردن بۆ دەستنیشان بکات، دیاربوو ئەوە پێی باش بوو من جلەکانی تایبەت بە هەڵمەتەکە لەبەر بکەم، نەک ئەوانەی ناو دۆلابەکانی خۆم.

## سەگەکانی هەڵمەتەکە

لە کامبا بە ئامادەبووانم راستی مەسەلەی جلوبەرگم دوور لە چاوی میدیاکانم بۆ باس کردن، لەوێ وتم ئەو پۆشاکەی هەڵمەتەکەی هەڵبژاردن بۆیان دابین کردم موڵکی خۆم نییە، ئەوانەش وەک هەموو کەلوپەلەکانی تری هەڵمەتەکە موڵکی حزبن، من ئەوانە لەگەڵ خۆمدا نابەم، من لە کاتەکانی تردا و بەئارەزووی خۆم جلەکانی خۆم لەبەر دەکەم کە بەپارەی خۆم کڕاون، بەڵام لەو رۆژانە مەسەلەکە جیاوازە. سەرکردایەتی حزبی کۆماری دووبارە لەسەر ئەو لێدوانەی من گلەیی و رەخنەیان هەبوو، وتیان تۆ لە دەستووری نەریتەکان دەردەچیت، بەڵام تەنیا من دەنگم بەرز دەکردەوە تا بەرگری لە ئەخلاقیەت و بەهاکانی خۆم و خێزانەکەم بکەم. هەموو برادەر و ناسیارەکانم لە راستی مەسەلەی جلوبەرگەکانم تێگەیشتن، ئەوان و ئەندامانی ستافی هەڵمەتەکەش ئەوەیان باش بۆ روون دەبێتەوە، بەڵام هەرچەند شانسی هەڵمەتەکەمان بەرامبەر ئۆباما لاواز دەبوو کە باس لە مەسروفاتەکانمان دەکرا، تا رادەیەک هەندێ لە سەگە گەورەکانی هەڵمەتەکەمان بۆ قەناتەکەم چاویان دەچووقاند. لەگەڵ پاشکەوتنی هەڵمەتەکە و لە کۆتاییی مانگی ئۆکتۆبەردا نیکۆل نامەیەکی ئەلکترۆنی بۆ هەموو ئەندامانی ئیدارەی لیژنەی هەڵمەتەکە ناردبوو

تا کۆبوونەوەیەک ساز بکەین بۆ ئەوەی قسە لەسەر شێوازی دەربازبوونی ڕەوشی هەڵمەتەکە بکەین، یەکێک لەو بیر و قسانەی لەو کۆبوونەوەیەدا بۆ باشکردنی ڕەوشی هەڵمەتەکە گفتوگۆمان کرد، کۆشش بکەین هەموو ڕاستییەکان بە دەنگدەرەکانمان بڵێین، با چی تر میدیاکان تاوانبار نەکەین بەوەی ئەوان پشتیوانی دیموکراسییەکان دەکەن.

## دەرچوون لە دەقەکە

ژمارەیەک لە دەنگدەرانی حزبەکەمان تووڕە بووبوون و داواکار بوون با دەمامکەکان هەڵماڵین و ڕووبەڕووی دیموکراسییەکان ببینەوە، بەتایبەتی تیمەکەی ماکین لەو مەسەلە توند بوون، ڕاندی شوینمان کە یەکێک بوو لە کەسە دیارەکانی تیمەکەی ماکین بەئاشکرا بەڕووی من هەڵدەچوو، قسەی لەسەر خێزانەکەم و تیمی هەڵمەتەکەی منی دەکرد، دەیوت ئەندامانی خێزانەکەت و ئەندامانی تیمەکەم لە ئالاسکا بەئارەزووی خۆیان و بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکانی حزب ڕەفتار دەکەن، هەستم بەوە کردبوو لەبەرئەوەی من لە زۆر بۆنە و لەسەر چەند بوارێکدا ڕاشکاوانە قسەم دەکرد. ڕاندی ئەو پیاوە زۆر بەڕێزە بوو، نەیدەویست ئەو قسانەی لەسەر من و لەسەر تیمەکەم دەکرا بگێڕێتەوە، دوو نموونەمان لەو مەسەلەیە هەیە یەکێکیان شمیدس لە ڕاندی تووڕە بووبوو لەسەر ئەوەی ڕۆژێکیان وتبووی ژنە حاکمەکەمان کاری ڕۆژانەی ماڵەوەی پێ ناکرێت. بۆیەش ڕاندی پرسیبووی مەبەستت لەو قسەیە چییە، لە وەڵامدا ئەو وتبووی:

من زۆرترم لە تۆ چاوەڕوان دەکرد. بەڵام ئەو نەیوتبوو لەو قسەیەدا مەبەستت چییە، کە ئەو ڕایە لەسەر ئەو حاکمە کاندیدە دەردەبڕێت.

لە پاش ئەوەی هەڵمەتەکەمان تەواو بوو ڕاندی ئەوەی بۆ ئاشکرا کردم کە ئەندامانی تیمەکانی ماکین، چەند بەناحەقی قسەیان لەسەر من و هاوڕێیەکانم دەکرد، زۆریش لەوە دەگەڕان بیانووێک بدۆزنەوە کە هۆکاری شکستی هەڵمەتەکەمان بخەنە ئەستۆی ئێمە. ماڵپەڕی ئەلکترۆنی پۆلیتیکس

نووسـیـبووی شـمـیـدس و هاوڕێیـەکـانی زووتر سـازیان کـردبوو، تا خـۆیان بپارێزن و خۆیان دوور رابگرن ناوی من لەکەدار بکەن، بەڵام ماڵپەڕەکە ناوی ســـەرچاوەی هـەواڵەکـــەی ئاشـکرا نـەکـــردبوو، بـەڵام ئەوەی وتبـــوو کــــەوا سەرچاوەکە لە ناو ئەندامانی ستافەکەی ماکین بوو، ئەو قسەیەش لە چەندین بواری راگەیاندن بڵاو دەکرایەوە.

پاشان زانیم رۆژێکیان راندی دەچێتە کۆبوونەوەیەکی بەرپرسە گەورەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە لەسەر مێزێکی نیمچە لاکێش دانیشتبوون، هەستی کرد چاوەڕوانی شتێکی بەقیمەت دەکەن، بۆیە ئەوانیش وتیان چاوەڕوانی بەرنامەیەکی "سی ئێن ئێن" دەکەین، کە بێژەر "دانا باش" پێشکێشی دەکات، ئەویش وتبووی مەبەستت چییە لەو بەرنامەیە، بۆیەش پێیان وتبوو لەو بەرنامەیەدا سارا پالین قسەی کردووە و لە قسەکانیدا دیارە کەوا لە دەقەکە دەرچووە و یاریدەرەکانی ماکینی بێزار کردووە. هەندێک لەوانەی لەو دانیشتنەدا ئامادەبوون وتیان هەستمان کرد کە ئەو وتبووی پالین زۆرتر لە نەریتەکان دەرچووە، بەو قسەیە ژمارەیەکمان تووڕە بووین، بۆیە یەکێک لە یاریدەرەکان وتبووی، ئەوەی پالین دەیکات دەربڕینی هەستەکانی خۆیەتی بەئازادی، دەیەوێت رەخنە لەسەر کارە هەڵەکان بگرێت. بەڵام سەرچاوە بڕیاردەرەکانی ماکین وتبوویان پالین زۆرتر لە جارێک لە دەقەکانمان دەرچووە. بۆیەش پرسیاریان کردبوو ئایا ئەو رووداوانە ئەنقەست بووە یان نا، وتبوویان بۆیەش پالین رەخنەی لە حزبی کۆماری گرتبوو سەبارەت بەبڕیاری کشانەوەیان لە هەڵبژاردنەکەی میتشیگان.

## عەقلیەتێکی بەزیو

لەو بەرنامەدا باش وتبووی:

بوونی ئەو ناکۆکی و ململانێیە لە نێوان تیمەکەی ماکین و پالین، مەسەلەیەکی ئاساییە، بوونی ئەو مەسەلەیەش لە نێوان کاندیدەکانی پۆستی جێگری سەرۆک و کاندیدەکانی سەرۆک مێژوویەکی زۆر درێژی هەیە. کە

راندی لە خوێندنەوەی هەواڵەکە دەبێتەوە وتبووی:

من ئەوە بڕوا ناکەم ئەوجارە، ئەوانە بێتامیان کرد. زۆر ئاساییە کە ناکۆکی و دژبەیەک لە ناو یەک گرووپی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆک و تیمەکەی جێگرەکەی هەبێت، بەڵام ئەوەیان ئاسایی نییە کە ئەندامێکی تیمی کاندیدی سەرۆک رەخنە و توانجی ناگونجاو لە کاندیدی جێگری سەرۆک بگرن. راندی دەچێتە نووسینگەی شمیدس، بەڵام ئەو لەوێ نابێت، یەکسەر داوای ژمارەی مۆبایلەکەی لە سکرتێرەکەی دەکات، بەڵام کە دەرگەکە دەکاتەوە دەبینێ شمیدس لە ژوورەوە دەبێت، بۆیە پێی دەڵێت من هاتووم قسەت لەگەڵدا بکەم و لێی دەچێتە ژوورەوە، دەرگەکەش بەتوندی دادەخات، شمیدس دەپرسێت چیت لە خەیاڵە و چیت دەوێ، ئەویش دەڵێت:

هیچ مەعقوول نییە گەورە راوێژکارێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردن پێناسەی پالین دەکات بەوەی کەوا ئەو هەر ئەوەندە دەزانێت بایەخ بە خۆسازکردن بدات، ئەوەش هەرگیز رووی نەداوە و مەعقوول نییە. راندی لە شمیدس دەپرسێت:

دەبێ کێ ئەو جۆرە قسانەی گێڕابێتەوە...؟ ئایا مارک، یان نیکۆلە...؟ ئەو لە وەڵامدا وتی:

بڕوا ناکەم ئەو دوو کەسە بن، ناکرێ ئێوە رەخنە لە حاکم بگرن و بڵێن ژنێکی دەبەنگە.

راندی زۆر بەتووڕەییەوە ویستی نووسینگەکە جێ بهێڵێت، بەڵام ئەو ساردی دەکاتەوە و بەڵێن دەدات کۆشش بکات کەس نەتوانێت بەکاری ناشیرین رەخنە و توانج لە پالین بگرن.

من لەو دەمانە سەرقاڵی ئەوە بووم کاری زۆرتر بکەم بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکەمان، من ئاگام لەو سەردانەی راندی نەبوو، من لە ساڵانی کارکردنم لە ئالاسکا ئەوە فێر بووبووم کەوا مەسەلەکان بە تێڕوانین و کاردانەوەی تایبەتییەوە وەرنەگرم، بۆیەش زۆر لام ئاسایی بوو کە لەگەڵ

شمیدس دۆستانە رەفتار بکەم.

لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا من لەگەڵ بەرپرسان بوارم وەرگرتبوو، کە من لەو هەڵمەتەدا سێ وتاری سەرەکیم لەسەر وزە و ژن و ئەو کەسانەی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانن پێشکێش بکەم، بەڵام دواخاڵی ئەو بەرنامەیەم لە هەمووویانم زۆرتر مەبەست بوو کە لەو هەڵمەتەدا سازی بکەم، بەڵێنیشم دابوو ئەگەر لەو هەڵبژاردنە دەربچم ئەوە من هەموو کارێک بۆ ئەو کەسانە دەکەم کە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانن، بەمەرجێک لە کۆشکی سپی پشتیوانییان بۆ دابنێن. بەڵام لە ئیدارەی هەڵمەتەکەمان بوار ساز نەبوو تا پێش دوو هەفتە لە هەڵبژاردنەکان ئەو گوتارانە پێشکێش بکەم.

هەردوو وتارم لەسەر وزە و ژن پێشکێش کرد، بەڵام سازکردنی بوار بۆ وتاری سێیەمم راگەیاندنەکەی دەنگی نەبوو، تا ڕادەیەک ستراتیجییەکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو بۆ من، هیوادار بووم بتوانم کاری باشترمان کردبووایە. وتارەکانیشم لە دەزگاکانی راگەیاندن رووماڵی دروست و گەورەی بۆ نەدەکرا، تەنیا کۆواری نیویۆرک تایمز نەبێت راپۆرتێکی "رۆبرت درابر"ی بڵاو کردەوە، دیارە ئیدارەی هەڵمەتەکەمان دەستەوەستان بوو. لە وتارەکەدا باسی لە بیری بەزینیان لەلای بەرپرسانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی حزبی کۆماری کردبوو، ئەوەش کاردانەوە و شۆکێکی دروست کردبوو، چونکە کاتەکە ناسک بوو تەنیا دوو هەفتە بۆ هەڵبژاردنەکان مابوو، دیاربوو کەوا هەڵمەتەکەمان بەو حاڵەتە پەرێشان بوو.

## ماراسۆن

لە رۆژی یەکەمی مانگی نۆڤمبەردا ئێمە لە ناو پاسێکدا بووین، بەرەو فلوریدا دەڕۆیشتین، لەو کاروانەدا "تشارلز کریشی" حاکمی ویلایەتەکەمانیش لەگەڵدابوو، کە یەکێک لە یاریدەرەکانم مۆبایلەکەی هێنایە لام و وتی سەرۆکی فەرەنسی نیکۆلا سارکۆزی دەیەوێت قسە لەگەڵ یەکێک لە کەسە ناودارەکانی لۆکالیی و جیهانی، هەروەها ناودارتریشە لە کەسە ناودارەکان و

ئەستێرەکانی هونەر بکات. منیش تەلەفۆنەکەم وەرگرت، سارکۆزی بە زاراوەی فەڕەنسییەوە وتی:

حاڵت چۆنە. منیش وەڵامم دایەوە و وتم:

من باشم، ئەو کارەش جوانە کە گوێم لە دەنگت دەبێت.

سارکۆزی وتی:

دڵشادم کە پێوەندیت پێوە دەکەم، من دەزانم کاری هەڵمەتی هەڵبژاردن قورسە، ئەزیزەکەم ئێستا تۆ هەست بە چ دەکەیت...؟ منیش وەڵامم دایەوە و وتم:

من وا هەست دەکەم کارەکان جوان دەڕوات، مەسەلەکە لە ماراسۆنێک دەچێت، وا گەیشتووینەتە ساتەکانی بڕیاردەر. سارکۆزیش وەڵامی دامەوە و وتی:

دەزانم من لە فەڕەنسا هەڵبژاردنەکەم بەوە بردەوە کە کەسێکی سروشتی و راستەقینەیی بووم، من هەست دەکەم تۆش کەسێکی لەو جۆرەیت. منیش وەڵامم دایەوە و وتم:

بەڵێ ئەی نیکۆلا، ئەو دەرفەتە جوان بوو. پاشان سارکۆزی ماوەیەکی درێژ باسی راوکردن و چەند بابەتی تری بۆ کردم، وا دەزانم مەست بوو، گوێم لێ بوو دەیوت دەزانی من و تۆ خاڵی هاوبەشمان هەیە، چونکە من لە ماڵەکەی خۆمەوە دەتوانم بەلجیکا ببینم!

قسەکانی دەرکەوت کەمێک لە گاڵتەکردن دەچوو، پیاوەکە دەستی بەگۆرانی گوتن کرد، وتی ژنەکەم لەو پێوەندییەدا هەست بەغیرەکردن دەکات، من لە ئیشارەتەکانی تێ نەدەگەیشتم، باسی لە دیمانەکەی خۆی لەگەڵ کۆواری (هاسلر)ی کرد، من نامەوێ ئیهانەی سەرۆکی فەڕەنساش بکەم، بەڵام هەستم کرد قسەکانی بەرەو گێلی دەچوو، سەرۆک درێژەی بەقسەکانی دەدا، بۆیەش من بیرم کردەوە بوارێک بدۆزمەوە خۆمی لێ دەرباز بکەم، هەروەها دەمویست لە کاتی قسەکردنەکەمدا رووم خۆش بێت، لەگەڵ ئەودا پێ بکەنم، ئەگەرچی

مەسەلەکە هەرگیز بابەتی پێکەنین نەبوو. سارکۆزی لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و وتی:

لە راستیدا من تۆم خۆش دەوێت.

لەو دەمانەدا راستییەکەم بۆ دەرکەوت، قسەکەرەکە وتی من یەکێکم لە ئەکتەرە کۆمیدییەکان و خەڵکی شاری مونتریالم. بەوەیان کەوتمە داوەکە و گاڵتەیان بەخۆیان و بە من کرد، کە تێگەیشتم تەلەفۆنەکەم دوورخستەوە و رووداوەکەم بۆ بەرپرسی هەڵمەتەکەم گێڕایەوە، هەستم کرد رووکارم گۆڕا و دەموچاوم شێوا. بە قسەکەرەکەم وت ناوی ئیستگەکە چییە، ئەو لە وەڵامدا وتی:

ئەگەر یەک دەنگ سەبارەت بە ئۆباما جیهان بگۆڕێت، ئەوا یەک حەبی ڤیاگرا دەتوانێت هەموو جیهان سەبارەت بە ماکین بگۆڕێت. تەلەفۆنەکەم دایەوە دەست بیکسی، ئەو دەنگ بەگریانەوە وتی:

من شڵەژاوم دەستەی هەڵمەتەکە جێ دەهێلم.

پاش چەند دەقەیەک لەو رووداوە تەلەفۆنی زۆرم بۆ هات، لەوانە شمیدس یەکەمین کەس بوو کە تەلەفۆنی بۆم کرد، یەک بەدەنگی خۆی هاواری دەکردە سەرم و دەیوت:

چۆن مەسەلەکە دەگاتە ئەو رادەیە لە دەبەنگی...؟ تۆ چۆن بڕوات کرد سەرۆکی فەڕەنسی پێوەندیی بە کاندیدی جێگری سەرۆک بکات، چۆن...؟

لە دوای ئەو یەکێکی تر لە بەرپرسانی هەڵمەتەکەمان پێوەندیی کرد و وتی:

ئەی حاکمی بەڕێز من داوای لێبووردن دەکەم من لەو رووداوە بەرپرسم، من ژمارەی تەلەفۆنەکەم ئاشکرا کردبوو، من زۆر داوای لێبووردن دەکەم. پاشان بۆمان دەرکەوت ئەو ئەکتەرە کۆمیدییە کەسانی ناوداری زۆری هەڵخەڵەتاندووە لەوانە بونوو مایک جاگر و دۆنالد ترامب و بیل گیتس، بەو شێوەیە ئەو رووداوە دڵتەنگی کردین.

بەشی شەشەم

# دوو وتارم بۆ دەرچوون و دەرنەچوونم ئامادە کردبوو

بەڕاوێژکارێکی خۆم وت «گوێ مەدەرێ» پێویست بەداوای لێبووردن ناکات، مەسەلەکە ئەوەندە قوربانی ناوێت، دەبێ ئەوەی روو دەدات لە پشتەوەی خۆمان جێیان بهێلین و ئاوڕیان بۆ نەدەینەوە و ئێمە بۆ پێشەوە رێ بکەین، بەڵام کە چوومە لیکلاند بۆ دیمانەی "تاکر" لەوێ ئەوم بینی زۆر بێزارە، بۆیە ئەو وتی:

من نامەوێ هەموو وشەکانی قسەکردنەکەت ببیستم، مەسەلەکە زۆر ترسناکە. منیش وتم:

من هەمووو شتەکانم بە "بیکسی" و بە "جاسۆن" وتووە، بەڵام من نازانم لە جیاتی ئەو مەسەلەیە بۆ کۆششی چاکسازییەکان ناکەین، بەڵام ئەو وەڵامی دامەوە و وتی:

ئەوەی رووی داوە شتێکی ترسناکە.!

ئەو کە قسەی لەگەڵ مندا دەکرد ئەوەندە نیگەران و تووڕە بووبوو دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو، لەو دەمانەشدا سەرکردایەتی ستافی هەڵمەتەکەم شرۆڤەی رەوشەکەیان دەکرد، راوێژکارەکانی ستافەکەم پێوەندییان بەسەرۆک وەزیرانی کەندا کردبوو، بەکۆششی ئەو توانیبوویان دەقە ئاخاوتنە تەلەفۆنییەکەی من و ئەکتەرە کۆمیدییە کەندییەکە وەرگرن. لەگەڵ کۆتایی هاتنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە من و ئەندامانی خێزانەکەم هەستمان دەکرد هێشتا وزە و چالاکیمان تێدا ماوە، لەو کار و چالاکییەش بەشێکمان بۆ ژیانی خۆمان تەرخان کردبوو.

## پەرجوو "موعجیزە"

لە رۆژەکانی کۆتاییی هەڵمەتەکە من و سیناتۆر ماکین گەشتێکی ناو ئەمەریکامان ئەنجام دا، تا زۆرترین شوێن بکەین و بەرهەممان زۆرتر بێت بەیەکەوە نەبووین، هەریەکەو بەرەو شوێنێک دەرچووین، بنەماڵەی هەردووکمان پشتیوانی زۆریان دەکردین، کە لەو گەشتەش گەڕاینەوە هەستم دەکرد

بڕوابوونمان بەهێزترە، بەڵام خۆشم ساز کردبوو بۆ ئەوەی کەوا بڕیارەکە میللەتی ئەمەریکا دەیدات، بڕیارەکە لە دەست خەڵکە، من و کریس بەیەکەوە قسەمان لەسەر پێشهاتی پەرجوویەک دەکرد، ئەگەر ئەوەیان لە دوا ساتەکانیش روو بدات، پێویستمان بەو رووداوە پەرجوویە هەبوو، چونکە هەستمان بەتەنگژەی رەوشەکە دەکرد، بەتایبەتی کە دەرئەنجامەکانی راپرسییەکان زۆرتر لە بەرژەوەندیی دیموکراسییەکان دەردەچوو. هەر چۆنێک بوو، من بەڕای تایبەتی خۆم وام دەزانی دانانی خوا لە دانانی تایبەتی من باشترە. بەڵام ئەو بیرکردنەوە و رامانە لەگەڵ گەرمەی هەڵمەتەکە بەئاسانی لە بیر دەچوونەوە، هەموو جارێک کە دەگەڕامەوە بۆ خودی خۆم و حەقیقەتەکە، رامانەکانم دەگۆڕا، وام دەزانی لەگەڵ خودی خۆمدا لە حاڵەتی ئاشتەواییم زۆرتر هەموو سۆزەکانم رادەستی خوا دەکرد، کە بەسەر فرۆکەش دەکەوتم هەستم دەکرد من لاواز و بەزیوم و تەسلیمی ئیرادەی خوا دەبووم و داوای بەرەکەت و هێز و حیکمەتم لەو دەکرد. ئەو هەفتانەی پێش کۆتاییی هەڵمەتەکە من و "ماسیو سکای" و "لیندسی هایز" بەردەوام خەریکی سازکردنی ئەو وتارە بووین کە بڕیاربوو لە شەوەکەی هەڵبژاردن من پێشکێشی بکەم، بەڵام راپرسییەکان بڕیارەکەیان بڕاندبووەوە، هیماکە دیاربوو کەوا ماکین بەرووی ئۆباما شکست دەخوات و بەزینەکەی مسۆگەرە، بەڵام تیمەکەم بەزین و تەسلیمبوونیان قبوول نەبوو. ئێمە هەردووکمان دوو وتاری جیاوازمان پێ بوو، یەکێکیان وتاری سەرکەوتن، ئەوی تریان وتاری بەزین بوو، من دەمویست لەو دوو وتارەدا جەخت لەسەر دوو خاڵی بنەڕەتی گرینگ بکەمەوە، ئەویش کەسایەتی جو ماکین بەبیر ئەمەریکاییەکان بهێنمەوە کە ئەو چ بەڵێنێکی بەئەمەریکاییەکان داوە، دووەمیان دەمویست سوپاسی خۆم و بنەماڵەکەم بکەم و بە ئەمەریکاییەکان ئەوانەی پشتیوانی منیان کردووە و خۆشەویستییان نواندووە و لە ماوەی هەڵمەتەکەدا هاوشانم بوون بڵێم سوپاس بۆ هەمووتان، منیش زۆر شانازم بەوەی کەوا من کەسێکی ئەمەریکاییم، هەروەها مەبەستم بوو سوپاس و رێزیشم ئاراستەی ئیدارەی

(بۆش – تشینی) بکەم.

لە "ئاریزونا" زۆر بەختیار و کامەران بووم بەوەی کەوا خێزانەکەم و هاوڕێیەکانم هاوشانم بوون. لەوانەی لەوێ لەگەڵم دابوون دایک و باوکی تودی هاوسەرم و هەروەها دایک و باوکی خۆشم و ژمارەیەکی زۆر لە خزمەکانی خۆم و تودی هاوسەرم لەوێ بوون، بۆیەش هەوارگاکەمان لە بالتیمور لە هەوارگەوە بووبووە نیشتنگەیەکی گەورە، لە ژوورەکەمان من و تود و کریس و میگ و لەگەڵ منداڵەکان چاودێری پرۆسەکەمان دەکرد، لەسەر شاشەکە ماوەماوە رێژەی دەنگەکان دەردەکەوتن. هەستمان دەکرد وەزعەکە باش نەبوو، نوێژمان دەکرد لەو دەمانە پەرجوویەک "موعجیزە" روو بدات، لە کۆتاییی ئەو ساتە دەرکەوت کەوا ئێمە دەرناچین، لەوەیان بەختیار نابین، هەمووومان تووشی بێئومێدییەکی گەورە هاتین. لەگەڵ ئەوەی بەزینەکەی ئێمە راگەیاندرا و سەرنەکەوتین، من ئێستاش وا هەست دەکەم ئێمە وەک کۆمارییەکان ئەجندەی باشترمان بۆ ئەمەریکاییەکان پێ بوو. ئەوەی جێگەی نیگەرانی و داوەشان بوو کەوا وادیارە ئەمەریکاییەکان بەئاراستەیەکی دروست لە پەیامەکەی ئێمە تێ نەگەیشتوون. بەهەرحاڵ "سەرکەوتن" وەک ڤینیس لۆمباردی وتوویەتی:

ئەوەیان هەموو شت نییە، ئەوەی هەموو شتە تۆ بۆ سەرکەوتن کۆشش بکەیت.

ئێمەش کۆشش و کارمان بۆ سەرکەوتن کرد تا بتوانین زۆرتر خزمەتی وڵاتەکەمان بکەین.

من لەو بۆنەیەدا سوپاسی سیناتۆر ماکینم کرد کەوا بواری بۆم رەخساند ئەو پرۆسە مەزنە بەرجەستە بکەم، هەروەها سوپاسی خێزانەکەم و ئالاسکاش دەکەم کە هاوکارم بوون. من دەخوازم بە گوێی هەموو ئەمەریکاییەک بچرپێنم کەوا لە خەباتەکانیان بەردەوام و گەرم بن لە پێناوی هەموو شتە ڕاستەکان، لە کەسیش قبووڵ نەکەن پێیان بڵێت لە گۆشەیەکدا دانیشن و بێدەنگ بن.

## دانپێدانان بە بەزینەکە

من خۆم ساز دەکرد وتاری بەزینەکەمان بخوێنمەوە، جاسۆن پێی راگەیاندم کەوا رەنگە بوارت نەدەن تۆ وتارەکەت پێشکێش بکەیت، ئەوەش پێشهاتێکی نامەعقوولە. پاش چەند ساتێک کەسێک هات بەشوێنم و منی بردە لای سیناتۆر ماکین، ئەو لە بەشێکی تری هوتێلەکەدا بوو، کە من دەرچووم وتارەکەشم لەدەستدا بوو، لەو دەمانە لەگەڵ خۆمدا بیرم دەکرد، باشە چۆن ئەوان داوایان لە من کرد وتارێک بۆ ئەو بۆنە ساز بکەم، ئێستاش بوارم نادەن وتارەکەم پێشکێش بکەم، ئەوە راستە...؟ کە چوومە ژوورەکە بینیم ماکین بەسەرکردایەتی هەڵمەتەکە دەوری گیراوە، یەکێکیان لە من هاتە پێشەوە و پێی وتم، کەوا من وتارەکەم پێشکێش ناکەم، منیش لە وەڵامدا وتم:

من نامەیەکی بەهێزم ساز کردووە، دەمەوێ بە ئەمەریکاییەکان بڵێم کەوا ئەو پیاوە پاڵەوانێکی نەتەوەییە، هەروەها ئاماژەشم بەیەکێتی و ئاشتەوایی داوە. بەڵام شمیدس وتی: ئێمە ئەو بڕیارەمان داوە، چونکە پێشتر کاندیدی جێگری سەرۆک هەرگیز وتاری بەزینی پێشکێش نەکردووە.

من دەمزانی ئەوە راست نییە، بەڵام نەمویست زۆرتر قسەی لەگەڵدا بکەم. خۆ هەموو شتێک کە دەیکەین مانای ئەوە نییە دەبێ پێشتر کرابێت، وتارەکەش تەنیا وەفا و پشتیوانییە لەگەڵ ماکین، من وتاری بەزین و دانپێدانانەکە ناخوێنمەوە. بۆیە شمیدس وەڵامی دامەوە و وتی: هەرگیز ئێمە ئەوە ناکەین، باشە بزانین کێ بە تۆی وتبوو تۆ وتارێک ساز بکە...؟

من بەو قسەیە زۆر سەرسام بووم، چۆن ئەو ئاگەدار نییە کە من ئەو وتارە ساز دەکەم بۆ خوێندنەوە. من نازانم کێ بوو بیرۆکەکەی دانابوو کە من لە حاڵەتی دەرنەچوونماندا لە هەڵبژاردنەکەدا وتارێک بۆ خوێندنەوەی ساز و ئامادە بکەم، دوایی زانیم بیرۆکەکە لەلایەن "ماتیو سکولی"یەوە بوو.

سەبارەت بەوەی هەرگیز کەسی کاندید بۆ ئەو پۆستە لە حاڵەتی دەرنەچووندا وتاریان هەبێت، ئەوە کاندیدی جێگری سەرۆکایەتی لە حزبی

دیموکــراسی لـه ســاڵی ٢٠٠٤ "جــۆن ئیــدواردز" وتاری دانپــێــدانانی به دەرنەچوونی خــوێندیتــەوە، کــە "سکولی" لەوە دڵنیــا بووە ئینجــا داوای سـازکردنی وتاری لە من کردبوو. لە رۆژی هـەڵبژاردنەکەدا سکولی لە شـاری سڤینکس هەر یەک لە "ریک دیڤیس" و "مـارک سالتری" بینیبوو، لەوێ لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەی لەگەڵ کردبوون، ئەوان لارییان نەبووە، بەڵام پاشان هیچ بڕیار و گــۆڕانێک لـەو مـــەســـەلـەیە نـەکــرا. من هـیـــچم نـەزانی، چونکە سەرکردایەتی هەڵمەتەکە ئەوەیان بۆ ئاشکرا نەکرد و تا چەند هەفتەیەکیش ئەوەی پێوەست بوو بە من، پێیان نەوتبووم.

من ئەوەم نەدەزانـی کـەوا بیـرۆکەی ئەو وتار خـوێندنەوەی من لە بەرنـامـە و داوای سـەرکردایەتی حزبەوە نەبووە، ئەوەشم پاش ئەوە زانی کە بەرنامەکەی منیـان هـەڵوەشـاندەوە، من هەسـتم دەکرد کـەوا ئەوەیان بۆ ئەوە بوو من سـزا بدەن، یان مستێک بوو لە رووی منیـان دابوو. لە راستیدا مەسەلەکە لە نێوان تێ نەگـەیشتن و خـراپی پێـوەندییـەکـانی نێـوان دەسـتـەیەک کـەس بوو کـە سەرکردایەتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیان دەکرد تێکەڵ بوو، ئەوانە دەیانویست لەگەڵ بەزینەکەشدا بژین.

## شـەوە فێنکەکە

لەو ساتە گەرمەدا ئاخاوتنەکەم لـەگەڵ شمیدس بەخێرایی دومـاهی پێ هێنا، من چوومــە ئەو ژوورەی کـــە مــاکین تێــدا چاوەڕوانـی منی دەکــرد، چەند کەسێکیش لەسەر تەنیشتی سیسەمەکە دانیشتبوون، لە پاش منیش شمیدس هاتە ژوورەوە، ئەو لەسەر کورسییەک دانیشت، کە چەند پارچە جلێکی لەسەر بوو بۆ شوشتن دانرابوون، دیاربوو وەزعی زۆر خراپ بوو، ئەو وتی:

من بەیانی زوو سـەفـەرێکی دوور دەکـەم، لەو جـیـهـانە دوور دەکـەومـەوە و دەچمە دوورگەیەکی زۆر دوور و لاچەپ. بەڵام ئەو ویستی کەمێک خۆی ئارام بکاتەوە. ئەو ســەیرێکی منی کــرد و وتی: ئا... ســارا دەزانی شـــەڕێکی بەهێزمان کرد، من دەچم سوپاسی ئەمەریکاییەکان دەکەم. منیش وتم:

شەڕێکی باشتان کرد، منیش دەمەوێ دەربکەوم و سوپاست بکەم. ئەو وتی:

نا، ئەو پیاوانە «مەبەستی ستافی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بوو» بەشێوەیەکی گونجاو کارەکانیان کردووە و پێویستمان بەوتاری تر نابێت. منیش سوپاسم کرد و لە ژوورەکەی ئەو هاتمە دەرەوە، بەڵام هەر کۆششم دەکرد بزانم کێ بوو منی لە وتار خوێندنەوەکە قەدەغە کردبوو، لەو دەمانە یەکێک لە ئەندامەکانی ستافەکەمان وتی: با بڕۆین، کاتی ئەوە هاتووە جۆن وتارەکەی پێشکێش بکات.

لەبەرخۆمەوە وتم کەمێک سەبر بگرە، ئەدی ئەندامانی خێزانەکەم و خزمەکانم کە لە هەموو ناوچەکانی ئەمەریکاوە بۆ پشتیوانی من هاتوون.!

ئەوان تا ئەو دەمانە چاوەڕوانی منیان دەکرد، شوێنەکە بێ سەروشوێنی پێوە دیاربوو، ئەندامانی ستافی هەڵمەتەکەم بڵاوەیان کردبوو، من و تود بەیەکەوە بووین سەرمان بەیەکەوە نابوو، بەڵام هەستم دەکرد کۆتاییی هەڵمەتەکە کە بەو شێوەیە تەواویان کرد، شەوەکەیان تاڵ کردین و خۆشییەکەیان نەهێشت، من بەئەندامانی ستافەکەم وت، بوەستن با بچم خەمێک لە خێزانەکەم و مێوانەکانم بخۆم تا ئەو دەمانەش ماکین بۆ وتارەکەی ئامادە دەبێت. یەکێکیان وەڵامی منی دایەوە و وتی:

نا نا، کاتمان نییە، دەبێ هەر ئێستا بڕۆین.

منیش لەبەر خۆمەوە وتم:

ناکرێ هەڵمەتەکەمان بەو شێوازە کۆتایی پێ بهێنین. منیش لەگەڵ تود و هەندێک لە منداڵەکانم بەرەو شانۆکە بەڕێ کەوتین، کە دەبووایە منیش لەوێیەوە وتارێکم هەبێت، کە نەبوو! شەوەکە فێنک بوو، شانۆکەش مەزن دیاربوو، لە پشتەوەی شانۆکە ئاڵایەکی گەورەی ئەمەریکایان دانابوو. یەکێک لە سازکەرەکانی ئاهەنگەکە لە من نزیک کەوتەوە و وتی:

تکایە جەنابی حاکم بوار بدەن، تازە ئاگەدار کرامەوە کەوا ناکرێ تودی هاوسەرت و منداڵەکانت لە شانۆکە بێنە ژوورەوە. منیش وتم: ئەی خوایە خێزانەکەم دەکەونە پشتەوەی پاسەکە و منیش کەوتمە شوێنی جانتاکانەوە.

له کۆتـاییی من و هـاوسـەرەکـەم کـەوتینە تـەنـیشت مـاکین و هـاوسـەرەکـەی، ئەویش وتارە کـاریگەرەکـەی پێـشکێش کـرد، رەنگە ئەو وتارە لـە هـەمـوو وتارەکـانی تری دانپێدانان بە دەرنەچوون لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاریگەرتر بووبێت.

لە نـاو هـوتێلـەکـە جـاسـۆن و ئاندی دیڤـیس و ئـەوانی تر لـە بەرپرسـانی هەڵمەتەکەی هەڵبژاردن بەشداری دوو ئاهەنگیان کرد کە لەو هوتێلە بەبۆنەی تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان لەوێ و لە یانەکان ساز دەکرێن، بۆ منیش کاتی ئەوە هـاتبـوو مـاوەیەک پشـوو بدەم پاش مـاندووبـوونی چەنـد مـانگەم لەو هەڵمـەتەدا. ژوورنالیسـتـان وەک نەریتـێکی باو لە پاش کـۆتاییی هەمـوو هەڵبژاردنەکانی سـەرۆکایەتی ئامادەبوون، هەروەها لەو مەراسیمەدا گوێ لە لێدوانەکـان دەگـرن و شـرۆڤـەکـان دەکـرێن، قـسـە لەسـەر ئەنجـامـەکـانی هەڵبژاردنەکان دەکرێت، بەڵام جاسۆن وتی، سرووتەکانی ئیمسـاڵ جیاوازە، رۆژنامەنووسەکان بەگێڕانەوەی سەربردەی ژوورەکانەوە پەیدا بوون.

## راپۆرتە سلبییەکان

ژمارەیەک لە رۆژنامـەنووسان بە "جاسۆن"یان وتبوو کەوا بەیانـی شتێک روو دەدات. کـە پرسـیـاریش کـرا ئەو شـتـە چییـە کـە بەیانی روو دەدات، وتیـان ژمـارەیەک لە سـەرکـردە دیارەکـانی هەڵمـەتی هەڵبـژاردنەکـەی مـاکین چەند راپۆرتێکی سلبییـان لێـرە و لەوێ بڵاو دەکـردنەوە، چونکە دەیانزانی مـاکین هەڵبـژاردنەکـە دەدۆڕێنێت، داواشـیـان لە ژوورنالیـسـتـەکـان دەکـرد با هەڵبـژاردنەکان تەواو بێت، چەند راپۆرت و سـەربردەی سلبی لەسـەر پالین و خێزانەکەی بڵاو دەکەینەوە.

دەبووایە هەمـوو خـێـزانەکـەمـان بۆ رۆژی دوایی بگەڕێنەوە ئالاسکا. من سەفەرەکەم بۆ چەند سەعاتێک دواخست، ئێمە لەسەر دوورگەکەی هەوارگەکە دانیشـتـبووین لە دوورەوە بینیمـان مـارک و نـیکۆل بەرەو لای تودی هـاوسـەرم دەهـاتن. نیکۆل وتی:

هاتووین ماڵئاواییتان لێ بکەین، لە ڕۆژانی کارکردنەکەماندا ڕۆژانێکی خۆشمان بەیەکەوە ڕابوارد، ئێمە بەڕاستی ئێوەمان خۆش ویست. لەبەر سۆزە گەرمەکە و ماڵئاواییەکە تود سوپاسی کرد، پاشان نیکۆل وتی:

من وا دەزانم ئەو ڕۆژانەی دادێ بۆ ئێوە زەحمەت و سەخت دەبێت، دەزانم ئەو ڕاپۆرتە سلبییانەی لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئێوە بڵاو دەبێتەوە کارتان لێ دەکات، بۆیە واچاکە خۆتان بۆ ئەو پێشهاتە ساز بکەن، لەو ڕەوشەدا ئەوەیان ئاساییە، ئەوەی بۆتان دەمێنێتەوە بەڕووی باهۆزەکە خۆتان ڕاگرن. ئەو ئاگەدارکردنەوەیە بۆ تود کاردانەوەیەکی بەتەوژمی نەبوو، لە دڵی خۆیەوە پرسیبووی:

نازانم بۆ ئەوەم دێتە پێش..؟ کێ دەزانێت بەیانی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە چ ڕوو دەدات، چ بڵاو دەبێتەوە...؟

ڕۆژنامەنووسەکان سەبارەت بەڕەوشی هەڵبژاردنەکاندا پرسیاری زۆریان لە من دەکرد، یەکێکیان پرسی:

پاش ئەو ڕۆژە تۆ دەچیتە کێندەرێ...؟ منیش لە وەڵامدا وتم:

من دەگەڕێمەوە ماڵەکەی خۆم لە ئالاسکا، دەگەڕێمەوە ژیانە ئاساییەکەی خۆم، خەریکی منداڵ پەروەردەکردن دەبم، ژیانە سروشتییەکەی خۆم دەست پێ دەکەمەوە، بەڵام ئەو مەسەلەیەش لەگەڵ هاوسەرەکەم و منداڵەکانیشم دانوستان دەکەم، هەنگاوی سێیەمیشم ئەوەیە من بە منداڵەکانم دەڵێم هەرگیز خوا ئۆتۆمۆبێلی ڕاوەستاو لێ ناخوڕێت، بۆیەش دەبێ هەموو کەس کۆششی زۆر و بەردەوام بکات تا دەگاتە مەرامەکانی و بەهیواکانی دەگات، من کە گەڕامەوە ماڵەوە یەکەم شت زوو کێکێک بۆ منداڵەکانم دروست دەکەم.

تێبینی: ئەو کتێبە بەزنجیرە لە ڕۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی لە ڕۆژانی ١٨ تا ٢٣ی مانگی ینایری ساڵی ٢٠٠٩ بڵاو کراوەتەوە.







سارا لەگەڵ ماکین



سارا و تودی هاوسەری و سێ کیژەکەی و کوڕە سەربازەکەی





سارا لەگەڵ کوڕەکەی












بنەماڵەی ماکین و سارا و خێزانەکەیان